# کرانەوە بە رووی وڵاتانی عەرەبیدا

# زامنی فیدراڵیەتی عێراق و دانپێدانانە بەهەرێمی کوردستاندا



((ماوەی ٣ساڵە هەموو هەوڵی من بۆ ئەوەیە ئەمرکییەکان بە وەڵامی ئەو پرسیارە قانیع بکەم، بۆچی فیدراڵیزم و خۆبەڕێوەبردنی هەرێمەکان تەنیا رێگەن بۆ بەدیهێنانی ئاشتی و سەقامگیری لە عێراقدا؟ بەڵام تا ئێستا نەمتوانیوە بۆچوونی هەندێک بگۆڕم، جۆزیف بایدن گەیشتۆتە قەناعەت، بەڵام ئەویش هەوڵێکی زۆر سەختی دەست پێکردووە بۆ ئەوەی هاوەڵەکانی لە سەنات قەناعەت پێبکات، کاریگەری عەرەبستانی سعوودیە دژی فیدراڵیزم زۆر بەهێزە، پێدەچێت تا ئێستاش لەو بڕوایەدا بن کە عەرەبی سوننە لە بەغدا دەسەڵات دەگرنەوە دەست، ئەمە هەرگیز دووبارە نابێتەوە، بەڵام ئەمە لە خەیاڵی سعوودییەکان و سوونەی عەرەبی عێراقدا جێگیرە، دووبارەی دەکەمەوە رێز و سڵاوی گەرمم بۆ سەرۆک و گەلی کوردستان هەیە، دڵ و بۆچوونەکانم لەگەڵ ئێوەدایە)).



**لیسلی.ئێچ .گلب بۆ گوڵان**
**٢٠٠٦/١٢/١٤**





> **چەند ساڵێک پێش ئێستا واتە تا ساڵی ٢٠٠٧ یش بەهیچ جۆرێک دەوڵەتانی عەرەبی ئامادە نەبوون مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکەن**

سەردانی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەمانگی نیسانی رابردوو بۆ عەرەبستانی سعوودی و پێشوازیکردنی لەلایەن شا عەبدوڵلای بن عەبدولعزیز و بەخشینی مەدالیای رێزلێنان بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن پادشای سعوودیەوە، هەروەها سەردانی ئەم دواییەی بەڕێزیان بۆ شانشینی ئوردنی هاشمی و کۆماری میسری عەرەبی و پێشوازیکردنی لەلایەن شا عەبدوڵلای دووەم و حوسنی موبارەکی سەرۆکی میسرەوە و بڕیاردان لەسەر کردنەوەی کونسوڵخانەی ئەردەن و میسر لە هەرێمی کوردستان، وەرچەرخانێکە لە تێڕوانینی عەرەبی و لە ئاستی هەرێمی کوردستاندا کە چەند ساڵێك پێش ئێستا واتە تا ساڵی ٢٠٠٧ یش بەهیچ جۆرێك دەوڵەتانی عەرەبی ئامادە نەبوون مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکەن لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا، ئێمە لەم راپۆرتەدا جارێکی دیکە ئەو قسانەی بەڕێز لیسلی ئێچ گلب کە سەرۆکی فەخری ئامۆژگای ئەنجومەنی پێوەندییەکانی دەرەوە(www.cfr.org)یە، لە پێشەکی ئەم راپۆرتە دووبارە کردۆتەوە کە لە ٢٠٠٦/١٢/١٤ گلب تایبەت بە گوڵانی راگەیاندووە، مەبەستمان لە دووبارەکردنەوەی قسەکانی بەڕێز لیسلی .ئێچ .گلب، بۆ ئەوەیە خوێنەرانی ئەم راپۆرتە لەو راستیە تێبگەن کە دیپلۆماتیەتی بەڕێز مسعود بارزانی لەماوەی کەمتر لە ٣ ساڵدا چ وەرچەرخانێکی گەورەی لە ئاستی دیپلۆماتیەتی هەرێمی کوردستان دروستکردووە، بۆ ئەوەیە خوێنەرانی ئەم راپۆرتە ئەو راستیەیان بۆ دەربکەوێت کە چۆن هێزی دیپلۆماسیەتی بارزانی پێگەی هەرێمی کوردستانی لە نەخشەی جیۆسیاسیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و یەکێتی ئەورووپا دیاریکردۆتەوە، لیسلی گلب لەو لێدوانە تایبەتەی بۆ گۆڤاری گوڵان پەردەی لەسەر زۆر راستی هەڵماڵیوە، راشکاوانە پەنجەی خستۆتە سەر زامەکان و بێکەسی کورد لەناوەندە نێودەوڵەتییەکان و لەناو کۆنگرێسی ئەمریکادا، بۆیە لێرەدا بەخاڵ ئەو نیگەرانیانەی لیسلی گلب لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٦ و٢٠٠٧ دەخەینەوە روو کە تایبەت و راشکاوانە لە رێی گۆڤاری گوڵانەوە بە گەلی کوردستانی راگەیاندووە، کە ئەمانەن:

١- لیسلی گلب کە ئاماژەی بە ٣ ساڵکردووە و دەڵێت ماوەی ٣ساڵە لە هەوڵی ئەوەدام ئەوە بۆ ئەمریکییەکان بسەلمێنم بۆچی تەنیا بە فیدراڵیزم و خۆبەڕێوەبردنی هەرێمەکان ئاشتی و ئاسایش لەعێراقدا دێتە دی؟ مانای ئەوەیە لە دوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراقەوە هەوڵی داوە ئەمریکییەکان بگەیەنێتە قەناعەت کە بەرژەوەندی عێراق و دەوڵەتانی عەرەبی و ناوچەکە لەوەدایە عێراق بە یەکپارچەیی بمێنێتەوەو ئاشتی و سەقامگیری بۆ عێراق بێتە دی، ئەمەش تەنیا بە رێگەی پیادەکردنی فیدراڵیزم، بەڵام چ جۆرە فیدراڵیزمێك، بێگومان راشکاوانە ئاماژەی پێکردووە( فیدراڵزمێك کە هەرێمەکان خۆیان، خۆیان بەڕێوەبەرن، ئەمەش واتە دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی عێراق سنووردار بێت و دەسەڵاتی هەرێمەکان فراوان بێت).

٢- گلب ئاماژە بەوە دەکات لە ماوەی سێ ساڵدا و لەناو کۆنگرێسمانەکانی ئەمریکاو بڕیارسازانی کۆشکی



بەڕێز مسعود بارزانی لەماوەی کەمتر لە ٣ ساڵدا چ وەرچەرخانێکی گەورەی لە ئاستی دیپلۆماتیەتی هەرێمی کوردستان دروستکردووە

سـپی تەنانەت نەیتوانیـوە بۆچوونی هەندێك بگۆڕێـت، لەناویاندا جۆزیف بایدن(کە ئەوکات سـەرۆکی لیژنەی پێوەندییەکانـی دەرەوەی کۆنگرێـس بووە) گەیشـتۆتە قەناعەت کە ئەمە تەنیا ڕێگەیە بۆ هێنانەدی ئاشـتی و سـەقامگیری لەعێراقدا، بەڵام گلب ئەو ڕاسـتییەی لە گوڵان نەشاردۆتەوە کە بایدنیش دەبێت هەوڵێکی سـەخت بخاتە گەڕ بۆ ئەوەی هاوەڵەکانی لەناو ئەنجومەنـی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرێس بگەیەنێتە قەناعەت، ئەمەش مانای ئەوەیە لەگەڵ ئەوەی لە ٢٠٠٥ دەسـتووری عێراق لەسـاڵی ٢٠٠٥ عێراقـی وەك دەوڵەتێکـی فیدراڵی و فرەیـی پێناسـەکردۆتەوە، بەڵام لەناو ئیدارەی ئەمریکیدا تا سـاڵی ٢٠٠٧ پشتگیرییەکی ئەوتۆ نەبووە بۆ ئەوەی عێراق ببێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی، هەر بۆیەش کە پەرلەمانی عێراق یاسـای هەرێمـە فیدراڵییەکانـی لەعێراقـدا پەسـەندکرد، ئەمریکا بە خواسـتی عەرەبی سـوننە ڕازی بـوو کە دوای ١٨ مانگ ئەو یاسایە بکەوێتە واری جێبەجێکردنەوە.

٣- لیسـلی گلب لەو چەند دێڕەی بە گوڵانی ڕاگەیاندووە، ئاماژە بە ڕۆڵ و کاریگەری عەرەبستانی سعوودیە دەکات لەناو پرۆسەی بڕیاردروستکردن لە ناو ئیـدارەی ئەمریکادا بـۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت و عێراق، گلب ڕاشکاوانە ڕایگەیاندووە کە تا سـاڵی ٢٠٠٧ یش کاریگەری عەرەبستانی سعوودیە دژی فیدراڵیزم زۆر بەهێز بووە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئـەو کاریگەرییەی سـعوودیە دژی فیدراڵیزمـی عێراق لە لایەن میسـر و ئوردنەوە پشتگیری لێکراوە؟ بێگومان بەڵێ، لەبەر ئەوەی هەڵوێستی عەرەبستانی سعوودیە دژی فیدراڵیزمی عێراقـی لەو ڕوانگەیەوە بووە، کە دەسەڵات لە عێراقدا نەکەوێتە دەسـتی عەرەبـی شـیعە و عەرەبی سـوننە بگەڕێنـەوە بـۆ دەسـەڵات لەبەغـدا و حکومڕانییەکی مەرکەزی پیادەبکەنـەوە، ئەمەش لـە ڕوانگەی ئەوکاتـەی سـعوودیەوە بـۆ ڕێگرتن بووە لە فروانبوونـی نفووزی ئێران لە تەنگەی هورمزەوە بۆ باشووری لوبنان و دروسـتکردنی هیلالێکی شـیعی بووە بە دەوری سـعوودیەدا، بێگومان لە سـتراتیژیەتی دانانی سنوورێك بۆ فراوانبوونی نفووزی ئێرانی لە عێراق و ناوچەکەدا بەگشتی و ڕێگرتن لە ئێران بۆ دروسـتکردنی بۆمبی نێوکلیاری، کلیلی بازنەیەکـی گەورەتری هەبوو بە ناوی بازنەی هاوپەیمانی (شـەش دەوڵەتەکـەی کەنداو + میسـر + ئەردەن( ٦+٢)-)بە سەرپەرشـتی و ڕەزامەندی ئەمریکا، ئەم وردکردنەوەیە پێمان دەڵێت سەبارەت بەڕێکخستنەوەی عێراق و دانای سـنوورێك بۆ نفووزی ئێرانـی لـە ناوچەکـە و ڕێگرتن لە دروسـتبوونی هیلالی شیعی، ئەردەن و میسر و سـعوودیە یەك هەڵوێستیان هەبووە.

**دیپلۆماتیەتی سەرۆکی کوردستان و جیاکردنەوەی هەرێم لەو هاوکێشەیەدا**

ئەو هاوکێشەیەی ٢-٣ ساڵ لەمەوپێش بـۆ عێراقـی داهاتوو لەسەرئاسـتی وڵاتانی و عەرەبی و ئیقلیمی پشتگیری لێدەکرا، بریتی بوو لە:

١- عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵی بێت بە هاوشـێوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەڵام حکومەتێکی سەنترالی

## فلیپس جامس واڵکەر بۆ گوڵان:



# ئەو ئارامی و سەقامگیرییەی دابینتان کردووە، کوردستانی کردووە بە پاڵێوراو بۆ ئەوەی رۆڵی ناوچەیەکی بازرگانی ئازاد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگێڕێت

بەهێز لە ناوەند هەبێت و ئاشتی و سەقامگیری لەهەموو هەرێمەکانی عێراقدا بچەسپێنێت.

٢- ئەگەر تونرا رێگە لەدروستبوونی هەرێمی تازە لە عێراقدا بگیرێت و لە هەر پارێزگایەکدا حکومەتێکی لۆکاڵ هەبێت.

٣- هەرێمی کوردستان تەنیا ئەو ٣ پارێزگایە بێت کە ئێستا سنووری هەرێمی کوردستان دیاریدەکات، چارەسەرێکی دیکە لەبری ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق، بۆ کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان بەگشتی و کەرکوک بە تایبەتی بدۆزرێتەوە و چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک دوابخرێت بۆ ئەوەی عێراق رووبەڕووی ئاڵۆزی و ناسەقامگیری نەبێتەوە.

٤- هەرسێ پارێزگاکەی ئێستای هەرێمی کوردستان (هەولێر و سلێمانی و دهۆك) لەگەڵ ئەوەی لەهەرێمی کوردستاندا حکومەت و پەرلەمان و دەسەڵاتی دادوەری تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام وەك پارێزگاکانی دیکەی عێراق مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و ئەو بڕیارانەی حکومەتی ناوەند بۆ پارێزگاکانی دەردەکات، هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستانیش بگرێتەوە.

٥- ئەو دەسەڵاتەی دەستووری عێراق بە هەرێمی کوردستانی داوە بۆ بەڕێوەبردنی سامانە سروشتییەکان و گرێدانی کۆنتراکت بۆ وەبەرهێنان لە بواری نەوت و گاز، هەوڵبدرێت ئەو دەسەڵاتە سڕبکرێت و کاری پێنەکرێت و هەرێمی کوردستان ملکەچی یاسای نەوت و گازی حکومەتی ناوەندی بێت و بەشدار نەبێت لەداڕشتنی ئەو یاسایەدا.

٦- هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە هێزێکی نیزامی و بەشێك لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ ئازادکردنی عێراق، وەك هێزێکی میلیشیایی حسابی بۆ بکرێت و داوابکرێت چەکەکانیان لێ دابماڵرێت و خانەنشین بکرێن، ئەمەش واتە ئەو هێزەی لە دەستووری عێراقدا ناونراوە گاردی کوردستان هەڵبوەشێنرێتەوەو هەرێمی کوردستان بکەوێتەوە ژێر هەڕەشەی سوپای عێراق.

٧- رێگە نەدرێت وڵاتان کونسوڵخانەی خۆیان لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بکەنەوە، ئەمەش واتە عێراق دابەش بکرێت بۆ ٣ ناوچە، باکوور و ناوەڕاست و باشوور، دەوڵەتان بۆیان هەبێت تەنیا کونسوڵخانەکانی خۆیان لەموسڵ و بەسرا بکەنەوە.

لە ماوەی کەمتر لە ٢-٣ ساڵدا و لە ژێر سایەی سەرۆکایەتی بەڕێز مسعود بارزانی پێگەی هەرێمی کوردستان لە هاوکێشەی سیاسیی عێراق و ناوچەکەدا گۆڕدرا بۆ ئەوەی ئێستا دەیبینن:

١- ئێستا ١٩ وڵات (بە ئوردن و میسرەوە) بەفەرمی کونسوڵخانەیان کردۆتەوە، ئەمەش واتە بەفەرمی دانیان بەدەستووری عێراقدا ناوە، هەرێمی کوردستان بەپێی ئەو دەستوورە هەرێمێکی فیدراڵییە لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا.

٢- کۆماری ئیسلامی ئێران کە گەورەترین سنووری لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە و لەنێوەندە نێودەوڵەتییەکاندا وەك پاڵپشتی شیعەی عێراق لەقەڵەمدەدرێت، ئێستا پێوەندییەکی زۆر پتەوی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە، کونسوڵخانەی کۆماری ئیسلامی لە پایتەختی

**تا ساڵی ٢٠٠٧ یش کاریگەری عەرەبستانی سعوودیە دژی فیدرالیزم زۆر بەهێز بووە**

## ریچارد شۆلتز بۆ گوڵان:



# کردنەوەی کونسوڵخانەی وڵاتانی عەرەبی لە هەولێر، دانپێدانانی ئەو وڵاتانەیە بە شەرعیەتی هەرێمی کوردستان دا

کوردستان کراوەتەوە، لەمەش زیاتر ئێستا هاتووچۆی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی بە ئاستێك ئاسان بووە، کە هاووڵاتیانی هەردوولا بە ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیان دەتوانن سەردانی وڵاتی یەکتری بکەن.

**٣-** تورکیا کە گەورەترین ئاستەنگ بوو لەبەردەم ناسینی هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی فیدراڵی لە دەوڵەتی عێراقدا، ئێستا کونسوڵخانەی تورکیا لەهەولێر کراوەتەوە، هێڵی ئاسمانی تورکیا لە نێوان هەولێر و ئەنکەرا و ئەستەنبوڵ کاردەکات، بەم نزیکانەش لقی چەند بانکێکی تورکی لە هەریمی کوردستان دەکرێنەوە، لەمەش گرنگتر ئێستا تورکیا گەیشتۆتە قەناعەت کە داهاتووی پێوەندییەکانی نێوان بەغدا و ئەنکەرا، پەیوەستە بەتێڕوانین و بۆچوونی هەولێر بۆ ئەو پێوەندییە و پەیوەستە بە پێوەندی نێوان هەولێر و ئەنکەراوە.

**٤-** پێشتر واتە لەیەك دووساڵی رابردوو کە تورکیا زۆر رێگربوو لەسەر پیادەکردنی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بۆ دەرکردنی یاسای نەوت و گازی تایبەت بەهەرێمی کوردستان و هەناردەکردنی نەوت و گازی کوردستان لەهەرێمی کوردستانەوە بەرێگەی تورکیا بۆ بازاڕەکانی جیهان، ئێستا تورکیا خۆی جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە یاسای نەوت و گازی عێراق بەجۆرێك دەربچێت کە یاسای نەوت و گازی کوردستان بتوانێت نەوت و گاز هەناردەی دەرەوە بکات و ئەمەش لەدەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت.

**٥-** عەرەبستانی سعوودیە کە زۆر دژایەتی فیدراڵیزمی عێراقی دەکرد، واتە ئامادەنەبوو هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی فیدراڵی لە چوارچێوەی عێراقدا بناسێنێت، ئەمساڵ شاعەبدوڵڵا بن عەبدولعزیز بەفەرمی داوەتی بەڕێز مسعود بارزانی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان کردووە و بە بەرزترین مەدالیای شانشینی سعوودیە، سەرۆکی کوردستانی خەڵات کردووە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە نەك هەر عەرەبستانی سعوودیە گەیشتۆتە قەناعەت کە دەبێت رێز لە هەرێمی کوردستان بگیرێت، بەڵکو پێویستە سەرۆکەکەشی خەڵات بکرێت، کە لەو ناوچە ئاڵۆزەدا ئەو هاوسەنگیەی دروستکردووە و ئەو هەرێمەی بەو ئاستە دروستکردۆتەوە کە لە جیهاندا وەك نموونەیەکی سەرکەتوو ئاماژەی بۆ بکرێت.

**٦-** لێرەدا دێینەوە سەر کاریگەری عەرەبستانی سعوودیە لەسەر هەڵوێستی هەردوو دەوڵەتی ئوردن و میسر، کە هەر دوابەدوای سەردانەکەی سەرۆکی کوردستان بۆ سعوودیە بەفەرمی بەڕێزان شاعەبدوڵڵای دووەم و حوسنی موبارەکی سەرۆکی میسر، داواتنامەی فەرمییان بۆ سەرۆکی کوردستان نارد بۆ ئەوەی سەردانی هەردوو وڵاتی میسر و ئەردەن بکات، ئەمەش واتە ناساندنی هەرێمی کوردستان لەلایەن سەرجەم دەوڵەتانی عەرەبییەوە، کە بێگومان سعوودیە و میسر و ئوردن نەك ئێستا، بەڵکو زیاتر لە نیوسەدەیە نوێنەرایەتی رای گشتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکەن.

**٧-** لایەنێکی دیکە کە گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێبکەین، راگەیاندنی هەردوو وڵاتی میسر و ئوردنە بۆ کردنەوەی کونسوڵخانەی خۆیان لە هەولێر لە کاتی سەردانەکەی سەرۆکی کوردستاندا بۆ ئەو

**ئێستا ١٩ وڵات (بە ئوردن و میسرەوە) بەفەرمی کونسوڵخانەیان لەهەرێمی کوردستان کردۆتەوە**

دوو وڵاتە، ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگمان بۆ ئاشـــکرا دەکات، ئەویش ئەوەیە کە بڕیاردانـــی دەوڵەتێك بـــۆ کردنەوەی کونسوڵخانە لە وڵاتێکی دیکە، کارێکە پێویســـتی بە بڕیاری پێشوەختەی ئەو دەوڵەتەوە هەیـــە و ئاماژەیە بۆ ئەوەی بەر لەوەی ســـەرۆك بارزانی سەردانی هەردوو وڵات بکات، میســـر و ئەردەن بڕیاریانـــداوە کونســـوڵخانەی خۆیان لەهەرێمی کوردســـتان بکەنەوە، بەڵام راگەیاندنی لەکاتی سەردانی سەرۆکی کوردســـتان بۆ هەردوو وڵات، ئاماژەیە بۆ دەربڕینی رێـــز و تەقدیری هەردوو وڵات و سەرۆکەکانیان بۆ ئەو سیاسەت و دیپلۆماتیـــە ســـەرکەتووەی بەڕێز مسعود بارزانی لە سەرۆکایەتیکردنی کوردستاندا پیادەی کردووە.

ئەم دوو لایەنەی یان ئەو دووهاوکێشـــە جیاوازەی کە لەماوەی تەنیا ٢-٣ ساڵدا دروستبوون، بەو ئاستە پێگەی هەرێمی لە هاوکێشـــە تازەکەدا دیاریکردۆتەوە، کە چەند ساڵێك پێش ئێستا نەك ئێمە، بەڵکـــو هیچ بیرمەندێکی سیاســـیش مەزندەی ئـــەوەی نەدەکـــرد هەرێمی کوردســـتان لەسایەی ســـەرۆکایەتی سەرۆك بارزانیدا بگاتە ئەم رۆژەی کە ئێستا هەمووان دەیبینن.

## کاریگەری میسر و سعوودیە و ئەردەن لەسەر داهاتووی پرۆسەی سیاسیی لەعێراقدا

میسر و سعوودیە و ئوردن لەگەڵ ئەوەی لە سیاســـەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ٣ دەوڵەتـــە گەورەکـــەی جیهانـــی عەرەبین، لەهەمانکاتدا هەرسێکیشیان هاوپەیمانـــی نزیکـــی ئەمریـــکان و لە نەخشـــەی سیاســـیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت بەگشـــتی و پرۆســـەی ئاشـــتی نێوان عەرەب –ئیســـرائیل و دووبارە بونیادنانـــەوەی عێراق لەرووی سیاسییەوە، رۆڵێکی کاریگەر و دیاریان هەیە، هەر بۆیە تێگەیشتن لە کاریگەری ئەم ٣ دەوڵەتە لە ئاســـتی سیاســـەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت، بایەخی ئەو کرانەوەیـــەی هەرێمی کوردســـتانمان پیشـــاندەدا کە ئێســـتا ئەو کرانەوەیە دەســـتی پێکردووە، لەم چوارچێوەیەدا لە دیپلۆماتی ئەمریکی فلیپس جامس واڵکەر کە پێشتر ئەندامی رێخکراوەی هاریکاری ئەمریکا (USAID) بووە، هەروەها تایبەتمەندە لەســـەر سیاسەتی ئەمریـــکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت لێمان پرسی: (هەرسێ وڵاتی ئوردن و سعوودیە و میسر زۆرترین کاریگەرییان هەیـــە بەســـەر سیاســـەتی ئەمریکا لـــە رۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـتدا، ئایا کاریگەری ئـــەم وڵاتانە چۆن دەبینیت لەسەر دارشـــتنی سیاسەتی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا)؟ لەوەڵامی ئەم پرســـیارەدا بەڕێز واڵکەر بەمجۆرە رای خۆی بۆ ئەم راپۆرتە خســـتەروو: (ئەمە پریسیارێکی باشە، پێموایە ئەم ســـێ وڵاتە کاریگـــەری خۆیان هەیە لەسەر سیاسەتی وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا، بەڵام بڕیاری کۆتایی ئەمریکا لەلایەن ســـەرۆکی ئەو وڵاتە و ستافە



تورکیا کە گەورەترین ئاستەنگ بوو لەبەردەم ناسینی هەرێمی کوردستان وەک هەرێمێکی فیدراڵی لە دەوڵەتی عێراقدا، ئێستا کونسوڵخانەی لەهەولێر کردووەتەوە

هیچ بیرمەندێکی سیاسیش مەزندەی ئەوەی نەدەکرد هەرێمی کوردستان لەسایەی سەرۆکایەتی سەرۆک بارزانیدا بگاتە ئەم رۆژەی کە ئێستا هەمووان دەیبینن

بالاكەیەوە دەدرێت. لەلایەكی دیكەوە هەر یەكە لەم سێ وڵاتە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان هەیە، بۆ نموونە سعوودیە بەرژەوەندییەكی راستەوخۆی نییە لە پرۆسەی ئاشتیدا، بەرژەوەندی لە پێشتری سعوودیە بریتییە لەنرخی نەوت لە بازەڕكانی جیهان لە ئەمنیەتی ناوچەی كەنداو. لە كاتێكدا میسر بەرژەوەندی جیاوازتری هەیە، بۆ نموونە تا ئەم دواییە سەپاندنی ئابڵوقە بەسەر غەززەدا لەلایەن حكومەتی میسرەوە بەوە شێوەیە لێكدەدرایەوە كە ئەمە خزمەت بە بەرژەوەندییەكانی ئەو وڵاتە دەكات، وڵاتی ئوردن بەرژەوەندییەكی راستەوخۆی هەیە لە پرۆسەی ئاشتیدا، بەڵام لە هەمان كاتدا بەرژەوەندی سیاسی دیكەی هەیە، مەبەستم ئەوەیە تەنیا بەرژەوەندییەكانی لە پرۆسەی ئاشتیدا هۆكاری یەكلاكەرەوە نییە لە هەڵوێست و سیاسەتەكانیدا. سەبارەت بە رۆڵی ئەم وڵاتانە و كاریگەریان لەسەر پرۆسە سیاسییەكەی عێراق و تەنانەت ئەمریكاش تێڕوانینی ئەم وڵاتانە لەبەرچاوەدەگرێت، پێموایە لێكدانەوەیەكی راست و دروستە ئەگەر بڵێین ئەمریكا بیروبۆچوونی ئەم وڵاتانە لەبەرچاو دەگرێت لە كاتی دارشتنی سیاسەتەكەیدا لە ئاست عێراقدا، بەڵام ناتوانین بڵێین ئەو وڵاتانە تەحەكوم بە سیاسەتی ئەمریكاوە دەكەن لە بەرامبەر عێراقدا. واتە دەتوانین بڵێین ئەمریكا بەرژەوەندی ئەم وڵاتانە لەبەرچاو دەگرێت لەكاتی پیادەكردنی سیاسەتێكی دیاریكراو لە ئاست عێراقدا. لەلایەكی دیكەوە لەدوای رووخانی سەددام حوسێنەوە ئەم وڵاتانە زۆر نیگەران بوون و بە گومانەوە لەلایەنە شیعەكانیان دەڕوانی كە دەسەڵاتیان گرتەدەست و نیگەرانی و گومانێكی كەمتریشیان لەئاست نیازە جوداخوازییەكانی كوردەكاندا هەبوو، بەڵام پێموایە تا رادەیەك ئەم نیگەرانی و گومانانە كەم بوونەتەوە، ئەگەرچی بە تەواوەتی نەڕەوینەتەوە، چونكە ئەم وڵاتانە ترسێكی كەمتریان هەیە لە هەرەسهێنانی عێراق، یاخود لەوەی عێراق ببێتە پاشكۆی ئێران)). ئەم ئاماژە پێكردنەی پرۆ فیسۆر واڵكەر وەك دیپلۆماتكارێكی ئەمریكی بە رۆڵی ئەو دەوڵەتانە بەرەو ئەو ئاراستەیەمان دەبات جارێكی دیكە ئەو پرسیارە بوروژێنینەوە بەوەی ئایا بۆچی پێشتر ئەو ٣ دەوڵەتە تێڕوانینێكیان بەرامبەر عێراق هەبووە و ئێستا ئەو تێڕوانینە گۆڕدراوە بۆ رێزگرتن لە دەستووری عێراق، لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا پرۆ فیسۆر واڵكەر بە گوڵانی راگەیاند: ((لەراستیدا مشتومڕەكە لە وردەكارییەكانی چۆنیەتی پیادەكردنی سیستمی فیدراڵیدایە. ئەوەی پێوەندی بە هەڵوێستی ئەم وڵاتانەوە هەبێت، ئەوا هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێكرد، لەبەر ئەوەی ئەم وڵاتانە ترسێكی كەمتریان هەیە لە روودانی هەندێ ئەگەر، ئەوا لە ئێستادا هەوڵی باشتركردنی پێوەندی و پێگەی خۆیان

**دوابەدوای سەردانەكەی سەرۆكی كوردستان بۆ سعوودیە بەفەرمی بەرێزان شاعەبدوڵڵای دووەم و حوسنی موبارەكی سەرۆكی میسر ، داواتنامەی فەرمییان بۆ سەرۆكی كوردستان نارد بۆ ئەوەی سەردانی هەردوو وڵاتی میسر و ئەردەن بكات**



**سەبارەت بە رۆڵی ئەم وڵاتانە و كاریگەریان لەسەر پرۆسە سیاسییەكەی عێراق و تەنانەت ئەمریكاش تێڕوانینی ئەم وڵاتانە لەبەرچاوەدەگرێت**



هەرێمی کوردستان وەک هەرێمێکی ئارام و سەقامگیر لە عێراقدا، مەسەلەیەکە کاریگەری هەیە، بەوەی پرۆسەی دەستووری و دیموکراسی لە کوردستاندا بە شێوەیەکی گشتی خزمەت بە ئەزموونە دیموکراسیەکە دەکات لە عێراقدا

کوردستان پاڵێوراوە ببێتە یەکێک لە ناوچە بازرگانیە پڕ جموجووڵەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

دەدەن لەگەڵ کوردستان و هەوڵی بەرەوپێشبردنی پێوەندییە ئابوورییەکان دەدەن، بەڵام ئایا ئەم هەوڵانەیان دەگاتە تا چ ئاست و مەودایەك، ئەوا ناتوانم وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە)). سەبارەت بە گرنگی پێگەی هەرێمی کوردستان لەم هاوکێشە تازەیە و ئایا هەرێمی کوردستان دەتوانێت چ ڕۆڵێك بۆ سەقامگیری و دیموکراتی لە عێراقدا بگێڕێت، دیپلۆماتی ئەمریکی فلیپس واڵکەر وتی: ((هەڵسەنگاندنی هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی ئارام و سەقامگیر لە عێراقدا، مەسەلەیەکە کاریگەری هەیە، بەوەی پرۆسەی دەستووری و دیموکراسی لە کوردستاندا بە شێوەیەکی گشتی خزمەت بە ئەزموونە دیموکراسیەکە دەکات لە عێراقدا، سەبارەت بەو گەشەسەندنە ئابوورییە فراوانەی لە هەرێمی کوردستانیشدا ئێستا بوونی هەیە، بە تێڕوانینی من لەبەر ئەوەی هەوڵی بنیادنانەوەی ژێرخان دەدرێت، لەبەر ئەوەی سەرچاوەی نەوت لە ئارادایە، هەورەها بەهۆی بوونی خەڵکانێکی خوێنەوار و بەهۆی بوونی سەقامگیری سیاسی، ئەوا کوردستان پاڵێوراوە ببێتە یەکێك لە ناوچە بازرگانیە پڕ جموجووڵەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست)).

### دانپێدانان بە هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی فیدراڵی لەعێراقدا

دانپێدانان یان بەفەرمی ناسینی هەرێمی کوردستان لەلایەن دەوڵەتانی عەرەبییەوە ئاستەنگێکی گەورە لە کۆڵ کورد دەکاتەوە و هەروەها زەمینەیەك دەڕەخسێت کە ئاسانتر دەستووری عێراق جێبەجێ بکرێت، بە تایبەتی کە کێشە و لێکتێنەگەیشتنی ئێمە وەك گەلی کوردستان لەگەڵ لایەنی عەرەبی سوننەی عێراقە و دەوڵەتانی عەرەبی کاریگەییان لەسەر لێکتێگەیشتنی نێوان عەرەبی سوننە و گەلی کوردستان دەبێت، سەبارەت بەم لایەنە گرنگە لە پرۆفیسۆری ناوداری ئەمریکی ریچارد شۆلتز تایبەتمەند لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستمان پرسی، ئایا تاچەند ئەو وڵاتانە کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی داهاتووی عێراق دەبێت؟ پرۆفیسۆر شۆلتز بەمجۆرە وەڵامی ئەم راپۆرتە دایەوەو وتی: (لە راستیدا ئەو دەوڵەتانە بەگشتی و وڵاتی ئوردن بەتایبەتی کاریگەری و دەستڕۆیشتوییەکی زۆری هەیە، لەبەر



**ئەنجامدانی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستاندا، بەشێوەیەکی گشتی خزمەت بە باشتر چەسپاندنی سەقامگیری دەکات لە عێراقدا**

ئەوەی هاوپەیمانێکی باشی ئەمریکایە بە تایبەتی لە پێوەندیدا بەو سیاسەتەی ئەمریکا لە ئاست عێراقدا گرتویەتیەبەر. هەروەها رەنگە ئێستا باشترین دەرفەت بێت بۆ ئەو وڵاتانە بۆ زیادکردنی کاریگەری و دەسترۆیشتوویی خۆیان لە ناوچەکەدا، بە تایبەتی بەهۆی هەنگاوە هەڵەکانی ئەم دواییەی ئیسرائیل..))

سەبارەت بە کردنەوەی کونسوڵخانەی ئەو وڵاتە عەرەبیانەش لە هەرێمی کوردستان، وەك دانپێدانان بەهەرێمی کوردستانیشدا پرۆفیسۆر شۆلتز جەختی لەسەر ئەوەکردەوە: ((ئەوەی پێوەندی بە وڵاتی ئوردنەوە هەبێت، ئەوا پێموایە بە لەبەرچاوگرتنی مێژووی ئەم وڵاتەو ئەو سەرکردایەتییەی کاروبارەکان بەڕێوە دەبات، ئەوا ئەم وڵاتە هەنگاوێکی لەم چەشنە هەڵدەگرێت و بەفەرمی هەرێمی کوردستان دەناسێت و مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، هەروەها دەڵێم، بەڵێ پێموایە کردنەوەی کونسوڵخانە لە هەرێمی کوردستان ئەمە دانپێدانانە و ئەو وڵاتەش کۆششێکی زۆر باش دەکات بۆ پشتگیری کردن لە سیستمی فیدراڵی لە عێراقدا. هەربۆیە ئەگەر ئێوە بتوانن کارێك بکەن وڵاتانی دەورووبەر هەڵبەستن بە ئەنجامدانی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستاندا، ئەوا ئەمکارە بەشێوەیەکی گشتی خزمەت بە باشتر چەسپاندنی سەقامگیری دەکات لە عێراقدا. بیروبۆچوونی شەخسی من ئەوەیە پرۆسەی سیاسی و ئەزموونی دیموکراسی لە عێراقدا بەرەو پێشەوەدەچێت، ئەگەرچی سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیەش پێویستی بە کات هەیە)).

ئەوەی لەم خوێندنەوەیە و لە رای ئەو پسپۆرانەی لەم راپۆرتە پێوەندیمان پێوەکردن و لە نزیکەوە ئاگاداری سیاسەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و رۆڵی ئەو دەوڵەتانەیە لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا، هەموو ئاماژە بەوەدەکەن کە کرانەوەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبی و کردنەوەی کونسوڵخانەی ئەو دەوڵەتانە لە هەرێمی کوردستان، گەیشتنە بەو قەناعەتەی کە هەرێمی کوردستان فاکتەرێکی ئیجابییە بۆ بونیادنانەوەی عێراقێکی دیموکراتی و هەروەها فاکتەرێکی ئیجابییە بۆ ئاشتی و ئاسایشی هەرێمی و ئەمەش دانپێدانانە بە پێگەی هەرێمی کوردستان لە نەخشەی جێۆ سیاسیی تازەی ناوچەکەدا.

**هەرێمی کوردستان فاکتەرێکی ئیجابییە بۆ بونیادنانەوەی عێراقێکی دیموکراتی و هەروەها فاکتەرێکی ئیجابییە بۆ ئاشتی و ئاسایشی هەرێمی**

# ئیشکالیەتی دووبارە وەرگرتنەوەی پۆستە سیادییەکان و تێپەڕاندنی تەڵزگەی پێکهێنانی حکومەت




**عامرحەسەن فەیاز**


**تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی**

ئەدەبیاتـــی زانســـتە سیاســـیەکان و توێژینەوەکانی پێوەندیدار بە پیادەکردنی دەســـەڵاتە بـــەرزو باڵاکانـــەوە لەرێی چەندین میکانیزمـــەوە ئاماژە دەدەن بە چەندبارە وەرگرتنـــەوەی پلەوپایەکانی سەرۆکایەتی،لەوئاماژانەش: میکانیزمی هەژموونگەری و دەستبەســـەراگرتنی پۆست لەرێی هێزەوە، هەروەها میکانیزمی میراتگری بۆ سەرلەنوێ وەرگرتنەوەی پۆســـت، یان میکانیزمی ســـەرلەنوێ دامەزرانەوە یان هەڵبژاردنەوەی کەسێك بۆ هەمان پۆستی پێشووی ..

وەرگرتنەوەی هەرپۆســـتێ ((بێجگە لە میکانیزمی پرۆســـەی هەڵبـــژاردن)) ئیتر ئەمە بەپێی پشـــت بەســـتن بێ بە ئاماژەکانی میکانیزمـــی تر کە لێرەدا لێیـــان دەدوێین ئاکام ئەوەی پۆســـتەکە بەدەســـت دێنێتـــەوە دەبێتە کەســـێکی هەژموونگەری بێ منەت و لەخۆبوغرای وا کە پۆســـتەکە تەنیاو تەنیا بۆ خۆی قۆرخ بـــکاو رێ لە بە دەزگایی بوونی دەسەڵاتیش بگرێ..

واتە( جگە لە میکانیزمی هەڵبژاردن) بەپێی هەر میکانیزمێکی تر دەســـەڵات وەربگیرێتەوە، دەچێتە خانەی (تاکگەرێتی دەسەڵات و دانانەوەی کەسەکان ) نەیار و لایەنگرانیش تەنیا بەو هاوکێشـــەیەوە خەریك دەبن و لە دەوری هەڵدەسوڕێن و لە بری( بە دەزگاییبوونی دەســـەڵات ) هاوکێشەی (بەکەسێتیکردنی دەسەڵات ) پیادەدەکەن.

بەڵام دانانەوەو ســـەرلەنوێ گەڕانەوەی کەسێك بۆ پۆســـتێکی سیادی لە رێی هەڵبژاردنەوە لەم خەسڵەتە دوورە چونکە چوارچێوەی شەرعیەت بۆ وەرگرتنەوەی پۆستی بەرز بە میکانیزمی هەڵبژاردنەوە ئامادەیی و بوونی دەبێ..

گەرچی ئەم شـــەرعیەتدانەش بە تەنیا بەس نییە بەڵکو پێویستی بەچوارچێوەی تر هەیە کە رەنگە میکانیزمی هەڵبژاردن دابینی نەکات لەوانـــەش چوارچێوەی بەرهەمـــی (سیاســـی و ئاسایشـــی و ئابووری کۆمەڵایەتی و رۆشـــنبیری ) یە بۆ ئەو کەســـەی کـــە دووەمین جار پۆستەکە بە دەســـت دێنێتەوە ئەمانەش لەگـــەڵ چوارچێـــوە شـــەرعیەکەی هەڵبژاردندا هاوکوفی یەکن ..


چوارچێوەیەکی بابەتیانەش هەیە پێوەندی بە راگوزارێتی ئەو قۆناغە مێژووییەوە هەیـــە کـــە یەکبوونـــی سیاســـیانەی (دەوڵەت و وڵات و کۆمەڵگە) بەهۆیەوە دەپارێزرێـــن، ئەمەش دوایەمین فاکت و بەرگە بۆ وەرگرتنەوەی پۆست بۆجاری دووەمین، دیسانەوە بەمەرجێ میکانیزمی هەڵبژاردن نەخرێتە پشت گوێ..

ئەوەی لەم باســـەدا پێوەندی بە حاڵەتی عێراقەوەیە لە دووبارە وەدەستکەوتنەوەی پۆســـتە سیادییەکانی (سەرۆك کۆمارو ســـەرۆکی ئەنجومەنـــی وەزیـــران و ســـەرۆکی ئەنجومەنـــی نوێنـــەران ) بەپێی دەقێکی دەســـتووریی پشـــت بە میکانیزمی هەڵبژاردن دەبەســـترێت و لە مادەی( ٥٥)ی دەســـتووری نوێی عیراقدا هاتووە کە ئەنجومەنی نوێنەران لە یەکەمین دانیشـــتنی خۆیدا سەرۆك هەڵدەبژێـــرن دواتر بە زۆرینەی دەنگەوە (٥١٪)هەردوو بریکارەکەشی بە شێوەی دەنگدانی نهێنی و راســـتەوخۆ لەلایەن ئەندامانی ئەنجوومەنەوە هەڵدەبژێردرێن، هیـــچ دەقێکـــی دەســـتووری نییە بۆ رێگەگرتـــن لە دووبـــارە وەرگرتنەوەی ئەو پۆســـتانە لەلایەن هەمان کەسانی پێشووەوە .

سەبارەت بە سەرۆك کۆماریش لە مادەی ٧١دا ئاماژەدراوە بەوەی پۆستی سەرۆك کۆمار بۆ چوار ساڵ دیاریکراوەو دواتر دەتوانێ بۆ چوار ســـاڵی تریش خۆی بپاڵێوێتەوە .

بەڵام ســـەبارەت بە پۆســـتی سەرۆك ئەنجومەنی وەزیـــران کە لە بەندی ٧٦ ی دەســـتوورەکەدا هاتـــووە مەرج نییە لە ئەنجوومەنـــی نوێنەراندا ئەندام بێت بەڵکو مەرجە لەلایەن فراکســـیۆنێکەوە کە زۆرترین ژمـــارەی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانـــدا هەیە(بڕگـــەی یەکـــەم) هەڵبژێردرێت، هەروەهـــا مەرجێکی تر بۆ ئەو کەســـەی ئەم پۆستە بۆ جارێك یان زیاتر وەردەگرێـــت ئەوەیە کە دەبێ خۆی و بەرنامەی کاری وەزاریەکەیی و ئەندامانی فراکسیۆنەکەی زۆرینەی





ڕەهایان لە ئەنجوومەنی نوێنەران بە دەست هێنابێت (بڕگەی چوارەم)..
بەم شێوەیە چوارچێوەی ڕەوایەتی دەستووری لە وەرگرتنەوەی پۆستی سیادیی بۆ دووەمینین جار لە عێراقدا ئامادەیی هەیە / چوارچێوەی ڕاگوزارییش بوونی هەیە، تەنیا چوارچێوەی بەرهەمی کۆمەڵایەتی نەبێ کەجێی گەنگەشەو فرە بیروڕای جیاوازە، چونکە بوونی ئەمەی دوایەمینیان وەك بەرگێکی پڕ بە باڵای خۆی نییە ئەوەش بەهۆی دەستنیشان نەکردنی بابەتیانەی ئەو قۆناغە مێژووەی لە دوای (٢٠٠٣) وە عێراقی بەسەردا تێدەپەڕێت کە بە قۆناغی ڕاگوزاریی مەحکومە و دەچێتە ناو بازنەی مێژووی نادیارو تاریك (مێژووی گشتگیر)و داهاتووی قورس و گران( داهاتووی وەدیهاتنی دیموکراتییەت) ...

پوختەی مەبەست پرۆسەکە یەکجەمسەرانە نییە تا بە تەنیا لە پێکهێنانی حکومەتتدا کۆبێتەوە بەڵکو فرە جەمسەرییەو پێوەندی بە هەر سێ پۆستی سیادییەوەیە،ئەمە پێویستی بە پێکهاتنێکی هێشوویی سێجەمسەرانەی دەرێی گومبەتی پەرلەمانییە، گەر ئەم پرۆسەیە وەك گرێکوێرەی لێبێ ئەوا دەکەوێتە ناو بازنەی مەحاڵەوە ..

لەم دواییانەدا تووڕەبوونێکی ڕەوای میللیانە کە لە زۆربەی شارە عێراقیەکاندا بە (ڕاپەڕینی کارەبا ) ناسێنرا ؛داوا لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی نوێ دەکەن (خۆ لەکار بگرن) نەك (خۆگرتن ـ اعتصام ـ بە هاوار) تا یەکەمین دانیشتنی کراوەی خۆیان لە خولی دووەمیندا (ئازایانە) ڕابگەیەنن و هەر چوار لیستە براوەکە پاڵێوراوەکانی خۆیان بۆ ئەنجومەنی نوێنەران بناسێنن لەگەڵ ناساندنی پاڵێوراوی پێنجەمی دەرەوەی چوارلیستە براوەکەش، بەم شێوەیە دەنگ دەدرێ بە پێنج پاڵێوراو بە پلەیەك یان دووان یان زیاتر وگەر هەرکامیان بۆ بردنەوەی (٥١٪) دەنگەکان نیسابی دەستووری وەدەست بهێنێ پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی پێدەدرێت و هەردووجێگرەکەش لە دوای ئەمەوە بە زۆرینەی دەنگەکان دەستنیشان دەکرێن.

بەهەمان شێوە لە دانیشتنی دووەمیندا پۆستی سەرۆك کۆمار دیاری دەکرێت، سەرۆك کۆماری نوێ پێویستە سێیەکی دەنگەکانی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران بەدەست بهێنێ و هەبێت ..

بە نیسبەت وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بە هەمان ڕێچکەدا تێدەپەڕێت هەرکەسێك لە پێنج پاڵێوراوەکە زۆرینەی ڕەها بەدەست بهێنێ بەپێی پێڕەوەکان لەلایەن سەرۆك کۆمارەوە بۆ پێکهێنانی وەزاری رادەسپێردرێت.

نەخشەی کاری هەڵبژاردنی سێ سەرۆکایەتیەکەی باسمان کردن نەخشەیەکە لە لایەکەوە ڕێز لە ویستی هەموودەنگدەران دەگرێت و لە لایەکی ترەوە ڕێز بۆ دەستوورو ڕێنماییەکانی و هاوبەندییە زەمەنیەکانی دادەنێ هەروەها ڕێزبۆچوارچێوەی دامودەزگاکان دادەنێ کە بە هۆی گۆڕانی دیموکراتیەتی دوور لە تاکگەرایی وخەسڵەتی ناڕێك و بەش بەش بوونی بێزەوەرەوە کاریان پێ دەکرێت..



# رۆڵی ئەمریکا لە پـــرۆسەی

# بەشداری کورد لە حکومەتی داهاتوودا



# پێکهێنانی حکومەتی عێراقدا

# بەندە بە جێبەجێکردنی دەستوورەوە

ئەمجارەش پێشبینی ناوەندەکانی توێژینەوە لە ئەمریکا راست دەرچوو، لە نیوەی یەکەمی مانگی مارتی رابردوو، واتە چەند رۆژێك دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی عێراق، ئامۆژگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی رۆژهەڵاتی نزیك لە دوو وتاری هەردوو تۆژەر مایکل نایت و سکۆت کارپێنتەر ئاماژەیان بەوەکرد حکومەتی داهاتووی عێراق لە کۆتایی مانگی ئۆگەست پێکدەهێنرێت، لە ناوەڕاستی مانگی نیسانیش ئامۆژگای برۆکینگز لە وتارێکی بەڕێوەبەری سەنتەری سبان کینس پۆلاك راشکاوانە ئەویش هەمان مەزندەی نایت و کارپێنتەری دووپاتکردەوە، بەڵام جیاوازی نێوان بۆچوونەکەی پۆلاك و نایت و کارپێنتەر ئەوەبوو، پۆلاك پێیوابوو لە کۆتایی مانگی حوزەیران پرۆسەی سیاسیی عێراق بە بن بەست دەگات و عێراقییەکان ناتوانن حکومەت پێکبهێنن و ئەمریکا ناچار دەبێت بێتەوە ناو پرۆسەکە و هەرچۆنێك بێت حکومەتێك لە هەموو پێکهاتەکانی عێراق پێکبهێنێت، بەڵام لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا حکومەت هەرچۆنێك پێکبهێنرێت دەتوانێت کێشەکانی عێراق چارەسەر بکات، یان ئەو حکومەتەی ئەمریکا دەیەوێت پێکبهێنرێت تەنیا بۆ ئەوەیە وەڵامی ئەو بانگەشانە لە رای گشتی و رۆژنامەکانی ئەمریکا بداتەوە و بڵێت پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا بە بن بەست نەگەیشتووە، بۆ زیاتر هەڵوەستەکردن و بەدواداچوون لەسەر ئەم پرسە و هەوڵی ئەمریکا لەم چوارچێوەیەدا، بۆ ئەم راپۆرتە لەباڵیۆز ئیدوارد گونەیم باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە کوەیت و ئەردەن و ئێستاش تۆژەر و تایبەتمەند لەسەر سیاسەتی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لێمان پرسی ئایا ئێستا پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا چۆن دەبینی؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا باڵیۆز ئیدوارد گونەیم بەمجۆرە وەڵامی ئەم راپۆرتەی دایەوەو وتی: ((لە راستیدا هەمیشە بە حەزەرەوە گەشبین بوومە بەرامبەر رەوتی رووداوەکان لە عێراقدا و پێموابووە رووداوەکان ئاراستەیەکی باش دەگرنەبەر، چونکە سیاسییەکانی عێراق پابەندن بەکارکردن بۆ ئەوەی عێراقێکی سەرکەوتوو بهێننەئاراوە، هەرچەندە ئەوان سەرقاڵی مانۆڕکردنی سیاسین بۆ ئەوەی لە گفتوگۆکاندا بە دەستکەوتی بەهێزترەوە

**باشترین ئەنجام بەلای ئەمریکاوە پێکهێنانی حکومەتێکە کە هەر چوار لایەنە سەرەکییەکە بەشداری تێدا بکەن**

**هەر حکومەتێک بە فشاری ئەمریکا دروست بووبێت، توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی وڵاتەکەی نەبووە**



بچنە دەرەوە، بەڵام باوەڕم وایە لە کۆتاییدا هەر دەگەنە رێککەوتن بۆ پێکهێنانی حکومەتێك کە بتوانێت کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکات و خەڵکی عێراقیش پێی رازی بن.. هاتنەوەی ئەمریکاش لەم کاتەدا نیشانەی نیگەرانی راستەقینەی ئەمریکیەکانە، لە هەمان کاتدا نیشانەی بایەخپێدانی راستەقینەی ئەمریکاشن بە عێراق و بە داهاتووی ئەو وڵاتە. تا ئێستا ئەمریکا کات و کۆششێکی زۆری بۆ عێراق تەرخانکردووە. هەروەها خوازیارە عێراقێکی بەهێز و سەقامگیر بێتەوە ئاراوە. ئەمەش پێویستی بە حکومەتێکی سەقامگیر هەیە، کە لە ماوەی رابردوودا



## باڵیۆز ئیدوارد گونەیم بۆ گوڵان:

# دەستڕۆیشتوویی ئەمریکا لە عێراقدا بەرەو داکشان دەچێت، خەڵکانێک هەن خوازیاری ئەوەن ئەمریکا بێتە پرۆسەکەوە و خەڵکانیکیش هەن بە پێچەوانەوە



هەنگاوی باش بەم ئاڕاستەیەدا هەڵگیراوە، ئەگەرچی ئەمە هاوشان بوو بە ئاڵۆزی و گیرو گرفتیش. لەلایەکی دیکەوە دەبێت ئەو راستیە بزانین کە دەستڕۆیشتوویی ئەمریکا لە عێراقدا بەرەو داکشان دەچێت، کە خەڵکانێك خوازیاری ئەوەن ئەمریکا بێتە پرۆسەکەوە و بیروبۆچوونی خۆی تەرح بکات و خەڵکانێکیش بە پێچەوانەوە، بەڵام تەنانەت ئەگەر ئێمە بۆچوونیش تەرح بکەین و فشاریش بکەین، ئەوا بۆ ئەوەیە کە عێراقییەکان بڕیارێك بدەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، بۆ ئەوەیە لە پرۆسەکەدا بەرەوپێش بچن. ئێمە فشار ناکەین بۆ ئەوەی عێراقییەکان چارەسەرێکی دیاریکراو تەبەنی بکەن، ئێمە پشتگیری لە چارەسەرێك یان پاڵێوراوێکی دیاریکراو ناکەین. لە راستیدا ئێمە لە دید و تێڕوانینی خۆمانەوە هەڵدەستین بە گوزارشتکردن لە بیربۆچوونەکانمان، بەڵام ئومێدەکە ئەوەیە ئێمە (هەرچەندە من کەسێکی بەرپرسم نییە لە حکومەتی ئەمریکادا) هەلومەرجی عێراق و ئەو ئیعتیباراتانە لەبەرچاو بگرین کە ئێوە ئاماژەیان بۆ دەکەن. بەڵام دڵنیام ئێمە لە کۆتاییدا دەبینین کە عێراقییەکان خۆیان بڕیار لە بارەی پرۆسەکەوە دەدەن. راستە ئێمە هەڵدەستین بە دەربڕینی و راوبۆچوونی خۆمان، هەروەها باشترین ئەنجام بەلای ئەمریکاوە پێکهێنانی حکومەتێکە کە هەر چوار لایەنە سەرەکییەکە بەشداری تێدا بکەن، بەڵام ئەگەر ئەمەش روونەدات، ئەوا ئەمە بڕیارێکی پەیوەستە بە خودی عێراقییەکان خۆیانەوە، بەڵام قەناعەتی تەواوم هەیە کە عێراقییەکان هەر بڕیارێك بدەن، ئەوا بڕیارێك دەبێت کە لە بەرژەوەندی عێراق و ئەمریکادا دەبێت)). بەڵام پرۆفیسۆر جەی رانسۆم کلارك کەماوەی ٢٥ ساڵ لەگەڵ CIA لەسەر پرسی ئاسایشی نیشتمانی کاریکردووە و ئێستاش تۆژەرە لەسەر سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق لە زانکۆی مۆسکین، سەبارەت بە هۆکاری نەگەیشتنی عێراقییەکان بە رێککەوتن و هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ لابردنی ئاستەنگەکان رایەکی دیکەی هەیەو لە لێدوانێکی تایبەتەدا بەمجۆرە بۆ ئەم راپۆرتە هاتە ئاخاوتن و وتی: ((لە راستیدا نەتوانینی لایەنە عێراقییەکان بە گەیشتن بە رێککەوتنێك لە نێو خۆیاندا، لایەنێکی زۆر خراپ و سلبی بارودۆخەکە نیشان دەدات، ئێوە پرسیار لە هۆکارەکە دەکەن، دەڵێم هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەرژەوەندییەکی هاوبەش لە نێو لایەنە عێراقیەکاندا نییە، ئەمەش بۆتە هۆی خولقاندنی بارودۆخێکی دژوار و رێگەگرتن لە پێکهێنانی حکومەتێکی کارا. سەبارەت بە هەوڵەکانی ئەمریکاش، رێزێکی زۆرم هەیە بۆ سەرۆکی ئەمریکا و بۆ بەرپرسە باڵاکانی ئیدارەکەی، ئەوان نیەتی باشیان هەیە و لە سرووشتی کێشەکان تێدەگەن، بە تایبەتی لە غیابی نەبوونی حکومەتێکی چالاك و کارادا. هەروەها ئامانجەکانیان جێی ئیعجابە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا

**حکومەتێکی هاوپەیمانی کە لە نێوان ئەو لایەنانەدا دروست بووبێت کە متمانە بە یەکتری ناکەن، ناتوانێت لە مەودای دوورودا رووبەڕووی کێشەکانی وڵاتەکە ببێتەوە**

**دیموکراسی لە عێراقدا بە دەست کێشەی راستەقینەوە دەناڵێنێت و تا ئێستاش روون نییە چ چارەسەرێک بۆ ئەم دۆخە دەدۆزرێتەوە**



تا چ رادده‌یه‌ك ده‌ستڕۆیشتوویان هه‌یه‌ له‌ عێراقدا، ده‌ڵێم ئه‌وان پێیانوایه‌ ده‌توانن یارمه‌تیده‌ربن له‌ خوڵقاندنی دۆخێكدا تێیدا عێراقییه‌كان بتوانن حكومه‌تێك پێكبهێنن كه‌ له‌سه‌ر بنه‌مای هاوكاری هه‌موو لایه‌ك بنیادنرابێت. ئه‌مه‌ش هه‌م له‌ به‌رژه‌وه‌ندی وڵاته‌ یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مریكا و هه‌م له‌ به‌رژه‌وه‌ندی عێراقیشدایه‌، به‌ڵام به‌ تێڕوانینی من تا ئه‌و كاته‌ی پارت و لایه‌نه‌ سیاسییه‌كانی عێراق خوازیاری پێكهێنانی حكومه‌تێكی كارا نه‌بن و خوازیاری دابه‌شكردنی ده‌سه‌ڵات و دابه‌شكردنی پرۆسه‌ی بڕیارسازی نه‌بن، ئه‌وا هه‌موو هه‌وڵه‌كان چاره‌نووسیان شكست ده‌بێت. به‌ڵام تا ئێستا دابه‌شكردنی ده‌سه‌ڵات نه‌بۆته‌ ئامانجی ئه‌و كه‌سانه‌ی راسته‌وخۆ به‌شداری پرۆسه‌كه‌ ده‌كه‌ن. كه‌واته‌ تاوه‌كو لایه‌نه‌ عێراقییه‌كان خوازیاری پێكهێنانی حكومه‌تێكی هاوپه‌یمانی نه‌بن، ئه‌وا گومانم هه‌یه‌ له‌وه‌ی هیچ لایه‌نێك كاریگه‌ر و ده‌ستڕۆیشتوویی هه‌بێت له‌ عێراقدا.. پێموایه‌ ئیداره‌ی ئێستای ئه‌مریكا و ئیداره‌ی پێشووتریش خوازیاری ئه‌وه‌بوونه‌ كه‌ هێزه‌كانی ئه‌مریكا له‌ عێراقدا بكشێننه‌وه‌ و حكومه‌تێك له‌ عێراقدا بێته‌ئاراوه‌ كه‌ به‌لای كه‌مه‌وه‌ به‌و شێوه‌یه‌ ده‌ربكه‌وێت كه‌ نوێنه‌رایه‌تی خه‌ڵكی عێراق ده‌كات. ئه‌مریكا له‌ توانایدا هه‌یه‌ فشار بكات بۆ ئه‌وه‌ی حكومه‌تێكی نوێ له‌ عێراقدا بێته‌ئاراوه‌، به‌ڵام باوه‌ڕم وانییه‌ هه‌ر حكومه‌تێك به‌ فشاری ئه‌مریكا دروست بووبێت، توانای چاره‌سه‌ركردنی كێشه‌كانی وڵاته‌كه‌ی نه‌بووه‌. واته‌ حكومه‌تێكی هاوپه‌یمانی كه‌ له‌ نێوان ئه‌و لایه‌نانه‌دا دروست بووبێت كه‌ متمانه‌ به‌ یه‌كتری ناكه‌ن، ناتوانێت له‌ مه‌ودای دووردا ڕووبه‌ڕووی كێشه‌كانی وڵاته‌كه‌ ببێته‌وه‌، ئه‌گه‌رچی ڕه‌نگه‌ ئه‌مه‌ له‌ به‌رژه‌وه‌ندی ئه‌مریكاشدا بێ، چونكه‌ ده‌بێت ئێمه‌ ئه‌و راستیه‌ له‌به‌رچاوبگرین كه‌ له‌ عێراقدا چه‌ندین كێشه‌ی دژوار و درێژخایه‌ن له‌ ئارادان)). بۆ زیاتر ڕۆچوون به‌دوای هۆكاری ئه‌م كێشه‌یه‌دا سه‌باره‌ت به‌ شڵۆقی باری سیاسی ئێستای عێراق له‌ پرۆفیسۆر ده‌ڤید والاندر پسپۆڕ و تایبه‌تمه‌ند له‌سه‌ر بونیادنانه‌وه‌ی ده‌وڵه‌تانی دوای شه‌ڕ به‌گشتی و عێراق به‌ تایبه‌تمان له‌ زانكۆی ڤێرجینا پرسی له‌وه‌ڵامدا پرۆفیسۆر والاندر به‌مجۆره‌ هۆكاری شڵۆقی پرۆسه‌ی سیاسی عێراقی بۆ ئه‌م راپۆرته‌ خسته‌ڕوو و وتی: (به‌شێوه‌یه‌كی گشتی دیموكراسی له‌ عێراقدا به‌ده‌ست دوو كێشه‌ی گه‌وره‌وه‌ ده‌ناڵێنێت، یه‌كه‌میان په‌یوه‌سته‌ به‌ هه‌وڵی لایه‌نه‌ سه‌ره‌كییه‌كانی عێراق بۆ گه‌یشتن به‌ ڕێككه‌وتنێك له‌ پێناو پێكهێنانی حكومه‌تی نوێدا و ڕێككه‌وتن له‌سه‌ر هه‌ندێ پرسی سه‌ره‌كی وه‌ك دابه‌شكردنی داهاتی نه‌وت و دۆزینه‌وه‌ی ڕێگه‌چاره‌یه‌ك بۆ ئاوێته‌كردنی زیاتری پێكهاته‌ی سوننه‌ له‌ پرۆسه‌ سیاسییه‌كه‌دا. كێشه‌ی دووه‌م په‌یوه‌سته‌ به‌وه‌ی هه‌ر حكومه‌تێك له‌ به‌غدادا بالاده‌ست بێت،

**هەر لایەک حکومەت پێکبهێنێت پێویستی بە ڕۆڵی کورد دەبێت و بێ بوونی کورد حکومەتی بێ پێکنایەت**





ڕانسۆم کلارک بۆ گوڵان :

# حکومەتێک بە گوشاری ئەمریکا پێکبهێنرێت توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراقی نابێت

ئەوا دەستڕۆیشتوورییەکی زۆری نییە لە بەشەکانی دیکەی وڵاتەکەدا، هۆکارەکەش هەندێجار هەلومەرجە ئەمنیەکە و هەندێجاریش ئەوەیە دەسەڵاتدارە محەلییەکان ڕێگە بە کارێکی لەم چەشنە نادەن. بۆ نموونە ئێمە هەست دەکەین کە لەهەرێمی کوردستاندا ئەو خواستە هەیە کە خەڵکی ئەو هەرێمە هەوڵی بەدەستهێنانی ئاستێکی بەرزتر لە ئۆتۆنۆمی دەدەن و ئەمەش شتێکی سرووشتیە و هەموو لایەك تەفەهومی ئەم خواستەی کوردەکان دەکات، بەڵام لە لایەکی دیکەوە زۆرێك لە تیۆرزانەکانی دیموکراسی پێیانوایە سەرکەوتنی دیموکراسی، یاخود سەرکەوتنی دەسەڵاتی سیاسی لە نوێنەرایەتیکردنی ڕاستەوخۆی خەڵکدا پێویست بەوە دەکات ئەو دەسەڵاتە توانای جێبەجێکردنی سیاسەت و بەرنامەکانی هەبێت لە تێکڕای بەشەکانی وڵاتەکەدا، کەواتە دیموکراسی لە عێراقدا بە دەست کێشەی ڕاستەقینەوە دەناڵێنیت و تا ئێستاش ڕوون نییە چ چارەسەرێك بۆ ئەم دۆخە دەدۆزرێتەوە و هەر لەم ڕووەشەوە گرژییەك دروست بووە لەنێوان خواستی کوردەکان بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی زیاتر و لەنێوان پێکهێنانی حکومەتێکی دیموکراتیدا کە بە کارایی ئەرکەکانی خۆی ئەدا بکات)). کەواتە ئەو پسپۆڕانە لەرەوشی سیاسیی عێراقدا هەموویان جەخت لەسەر چەند خاڵێك دەکەنەوە کە پرسی سیاسی لە عێراق و پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت لە عێراقدا بەبارێکی نائاسایی تێدەپەڕێت، هەروەك پرۆفیسۆر کلارکیش ڕاشکاوانە ئاماژەی پێکرد کە حکومەتی ئەمریکا لەم پرۆسەیەدا دەتوانێت ڕۆڵی خۆی بگێڕێت، بەڵام حکومەتێك بە گوشاری ئەمریکا دروست بێت، کێشەکانی عێراقی پێ چارەسەر ناکرێت.

**ئەمریکا پێیوایە کوردەکان گەمەکارێکی گرنگن لە عێراقدا**

### کورد لە پرۆسە سیاسییە ئاڵۆزەکەی عێراقدا

لەگەڵ ئەوەی پرۆسەی سیاسیی عێراق و پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت هەندێك چاودێر بەگەیشتنە بنبەست باسی لێوە دەکەن، بەڵام هەتا ئێستاش هەموو ڕایەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە کورد لەم پرۆسەیەدا گرنگی خۆی هەیە و هەر لایەك حکومەت پێکبهێنێت پێویستی بە ڕۆڵی کورد دەبێت و بێ بوونی کورد حکومەتی پێ پێکنایەت، دوای سەردانەکەی جۆزیف بایدن بۆ عێراق و نزیکبوونەوەی مالیکی و عەللاوی لەیەکتری دەنگۆی ئەوە بڵاوبۆوە بەوەی گوایە جۆزیف بایدن پێشنیاری ئەوەی خستۆتە ڕوو کە هەردوو لیستی ئەلعراقیە و دەوڵەتی یاسا پۆستی سەرۆك وەزیران و سەرۆکایەتی کۆمار لە نێوخۆیاندا بەش بکەن و ڕێکەوتنێك لەنێوان عەللاوی و مالیکی ئیمزا بکرێت، بەڵام نووسینگەی سەرۆك کۆمار لەسەر زاری بەڕێز مام جەلالەوە ئەو هەواڵانەی بەدرۆ خستەوە کە جۆزیف بایدن هەوڵێکی لەو جۆرەی دابێت، بەپێچەوانەوە وەك نووسینگەی سەرۆك کۆمار لە زاری سەرۆك کۆمارەوە

بڵاوی کردۆتەوە پارتی خۆشحاڵی خۆی وەك ئیدارەی ئەمریکا و تەواوی لایەنە عێراقییەکانی بە تاڵەبانی راگەیاندووە بەوەی ئەوان پێیان خۆشە مام جەلال بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار کاندید بکرێتەوە، هەموو ئەمانە پێکەوە ئاماژە بەوەدەکەن کە کورد رۆڵێکی گرنگ و یەکلاکەرەوەی دەبێت لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراقدا، سەبارەت بە بایەخ و رۆڵی گرنگی لەم پرۆسەیەدا باڵیۆز ئیدوارد گونەیم بەم راپۆرتەی راگەیاند: ((لە راستیدا کوردەکان رۆڵێکی گرنگیان دەبێت و بەشداری کردنیشیان بایەخی خۆی هەیە، بە چەشنێك ناکرێت کوردەکان لە پرۆسەکە دووربخرێنەوە و دووریش ناخرێنەوە، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە دەبێت حکومەتێکی هاوپەیمانی پێکبهێنرێت و کوردەکان رۆڵی گرنگیان دەبێت لە پرۆسەی بڕیارسازی و ناکرێت لە پرۆسەکە دووربخرێنەوە. هەروەها دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە بە تێپەڕبوونی کات دەستڕۆیشتوویی ئەمریکا لە عێراقدا کەم دەبێتەوە، هەروەها ئێمە دەزانین کە هەمیشە ئەمریکا پشتگیری کوردی کردووە لە ماوەی دەیەی رابردوودا، هەر لەم رووەشەوە ئەمریکا پێیوایە کوردەکان گەمەکارێکی گرنگن لە عێراقدا. ئاگادارم کە جیاوازی و ناکۆکی هەیە لە نێوان لایەنەکان لەسەر کێشەکانی کورد و پێموایە دەکرێت بەهۆی گفتوگۆوە چارەسەر بکرێن کە ئەو کاتەش بە باشترین شێوە چارەسەر دەکرێن کە کوردەکان بەشێك بن لە حکومەت، ئەمەش بڕیارێکی ناوخۆییە نەك دەرەکی)). هەر سەبارەت بە رۆڵی کورد لە پرۆسەکە و هاتنە ناوەوەی ئەمریکا بۆ پێکهێنانی حکومەت دیپلۆماتکاری ئەمریکی ولیام کوانت کە لەسەردەمی ئیدارەی کارتەردا ئەندامی شاندی دانوستاندنی رێککەوتنی کامب دەیڤید بووە، بەمجۆرە لەسەر ئەم پرسە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: ((پێموایە بایدن بۆ ئەوە نەهاتووە وردەکارییەکانی چۆنیەتی پێکهێنانی حکومەت بۆ عێراقییەکان روون بکاتەوە، بەڵکو بایدن و ئەو کەسایەتی و شاندانەی دیکەی ئەمریکا کە هاتوونەتە عێراق، بۆ ئەوە هاتوون ئەو راستیە بۆ عێراقییەکان بخەنەڕوو کە نەگەیشتنیان بە رێککەوتن و ئیجماعێك لەسەر چۆنیەتی پێکهێنانی

**پێشبینی ناکەین عێراق زۆر جیاوازتر بێت لە وڵاتەکانی دیکەی ناوچەکە کە حکومەتەکانیان گەندەڵ و ناکاران و سەروەتی وڵاتەکە بەهەدەر دەدەن**

**کوردەکان مێژوویەکی پڕ لە هەوراز و نشێویان هەیە لەگەڵ ئەمریکا کە هەندێ جار ئەمریکا پشتگیری کوردەکانی کردووە کاتێك ئەم پشتگیری کردنە لە بەرژەوەندی ئەمریکادا بوو بێت**



حکومەت هۆکاری خراپبوون و ئاڵۆزبوونی دۆخە ئەمنیەکەیە و لەم رووەوە دەیانەوێت لایەنە عێراقییەکان لێکنزیکەنەوە، ئەمەش بە ئامانجی ئەوەی ئەمریکا بتوانێت هەنگاو بە هەنگاو هێزەکانی بکشێنێتەوە و بە چەشنی رابردوو خۆی لە کاروبارە ناوخۆییەکانی عێراقەوە نەگلێنێت. هەر لەم رووەشەوە گرنگ نییە بەلای ئەمریکا عەللاوی پۆستی سەرۆك وەزیران بەدەست دەهێنێت یاخود مالیکی، جەلال تاڵەبانی دەبێتە سەرۆك کۆمار یان کەسێکی دیکە، گرنگ ئەوەیە حکومەتێك پێکبهێنرێت و دۆخێك بێتەئاراوە کە ئەمریکا بتوانێت بەرپرسیارانە ئەرکە سیاسی و ئەمنییەکان





## ولیام کوانت بۆ گوڵان:

# ئەگەر عەللاوی و مالیکی بگەنە رێککەوتنێک بۆ پێکهێنانی حکومەت ئەوا پێویستیان بە هاوپەیمانێتیکردن لەگەڵ کورددا نییە

بۆ عێراقییەکان بگوازێتەوە، کەواتە هەروەک لەسەرەتاشـدا ئاماژەم پێکـرد، بایدن بۆ ئەوە نەهاتووە پشـتگیری لە پاڵێوراوێکی دیاریکراو بکات بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران، هەروەها ئەمریـکا ناتوانێت کێشـەکانی عێراق چارەسەربکات، ئەمە بەرسیارێتییەکە دەکەوێتە ئەستۆی خۆتان، دواتر دەبێت ئێمە ئەو راسـتیە بزانین کە زۆرینەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رووبەڕووی کێشەی پێکهێنانی حکومەتێکـی کارا بوونەتەوە، مەبەستم ئەوەیە ئێمە خوازیاری ئەوەین لە عێراقدا حکومەتێکـی کارا و دیموکراتی بێتەئاراوە، بەڵام ئەگەر بە راشکاوی بدوێم، ئەوا ئێمە پێشـبینی ناکەیـن عێراق زۆر جیاوازتر بێت لە وڵاتەکانی دیکەی ناوچەکە کە حکومەتەکانیان گەنـدەڵ و ناکاران و سـەروەتی وڵاتەکە بەهەدەر دەدەن. دووبارە جەخت لەسـەر ئەوە دەکەمەوە کە هەڵەیە پێتان وابێت ئەمریکا دەتوانێت کێشەکانتان بۆ چارەسەر بکات.. سـەبارەت بە رۆڵی کوردیش لەم پرۆسەیەدا، هیوادارم کوردەکان رۆڵیان هەبێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراقـدا، بەڵام ئێمە دەبێـت ئەگەرەکانی دیکەش لەبەرچاوبگرین، بۆ نموونە ئەگەر هەردوو لیسـتەکەی ئەیـاد عەللاوی و نوری مالیکـی بگەنە رێککەوتنێك لەنێو خۆیاندا، ئەوا پێویسـتیان بە هاوپەیمانێتی کردن لەگەڵ کوردەکاندا نییە بۆ پێکهێنانی حکومەت، بە پێچەوانەوە ئەگەر هەوڵەکانی گەیشتنیان بە رێککەوتن شکست بهێنێت، ئەوا ئەو کاتە پەنا بـۆ هاوپەیمانێتیکردن لەگەڵ کوردەکاندا دەبەن. مەبەستم ئەوەیە کـوردەکان یەکێکن لە گرووپە گرنگەکانی عێراق، بەڵام ئەوان تەنیا گرووپی گرنگی وڵاتەکە نیـن)). ئەم بۆچوونـەی ولیام کوانت کە تارادەیەك جۆرە رەشـبینیەکی پێوە دیارە، بەڵام ناشـتوانرێت وەك یەکێك لـە ئەگـەرە چاوەڕوانکـراوەکان سـەیر نەکرێـت، لەبەرامبەردا پرۆفیسـۆر جەی رانسـۆم کلارك سـەبارەت بەهەمان پرس و رۆڵـی کورد لە پرۆسـەکەدا، بەمجۆرە رای خۆی بـۆ ئەم راپۆرتە خسـتەڕوو: ((ئەگـەر بە راشـکاوی بدوێـم، نازانم تێڕوانین و تێگەیشـتنی ئیدارەی ئەمریکا بۆ کـوردەکان و بۆ رۆڵی کوردەکان هەمان ئەو تێڕوانین و تێگەیشتنەیە کە من هەمە لە بەرامبەر کوردەکاندا، کە من باوەڕم وایە کـوردەکان دەتوانن رۆڵی یارمەتیدەر ببینن لە پێکهێنانی حکومەتـی نوێی عێراقدا، هەروەها ئەوان لە ماوەی ساڵانی رابردوودا دۆسـتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوونە، راستە مێژوویەکی پڕ لە هەوراز و نشێو هەیە لە نێوان ئەمریکا و کوردەکاندا کە هەندێ جار ئەمریکا پشتگیری کوردەکانی کـردووە کاتێك ئـەم پشـتگیریەکردنە لە بەرژەوەندی ئەمریکادا بوویێت و کاتێك لە بەرژەوەندیشـیدا نەبووە، پشتی تێکردوون. لەگەڵ ئەوەشـدا نیشانە و ئاماژەگەلێکی کەم دەبینم کە ئەمریکا وەك پێویسـت ئەم رۆڵـەی کوردەکانـی لەبەرچاوگرتبێت، بەڵکـو پێدەچێت پتر تەرکیز و کۆششـی خۆی بۆ کێشـە و گرفتەکانی نێوان شیعە

**ئیدارەی ئەمریکا و سەرۆک ئۆباما پێداگیری دەکەن لەسەر کشاندنەوەی هێزەکان بەو شێوەیەی کە بەڵێنی بە خەڵکی ئەمریکا داوە**

**هیچ کەسێک لە ئەمریکا داوای ئەوە ناکات دەست لە عێراق هەڵبگرێ، بەڵکو باوەڕیان وایە ئەمریکا ئیلتیزام و بەرژەوەندی زیندووی هەیە لە عێراقدا**

تەرخـــان کردبێـــت. لـــەم چوارچێوەیەدا کوردەکان رۆڵێکی زۆر گرنگیان هەیە لەم پرۆسەیەدا، لەگەڵ ئەوەشـــدا باوەڕم وایە کێشەکە ئەوەیە نە سوننە و نە شیعەکانیش ئامادەی ئەوەیان تێدانییە لەســـەر بنەمای سازشـــکردن سیاســـەت بکەن، چونکە لە جەوهەردا سیاسەت بریتییە لە گەیشتن بە رێککەوتن لەســـەر بنەمای سازشکردن لە نێوان ئەو لایەنانەی هەر لە بنەڕەتدا ناکۆك بە یـــەك و جیاوازن. مەبەســـتم ئەوەیە تا ئێســـتا شیعە و سوننەکان ئامادەنین لەسەر ئەم بنەمایە بگەنـــە رێککەوتنێك لەگەڵ کوردەکانـــدا. باوەڕم وایە لە ســـەروبەندی ئەو گفتوگۆیانەی بەڕێوەدەچن، کوردەکان دەتوانـــن رۆڵێکی مەرکەزیـــان هەبێت بە مەرجێك شـــیعە و ســـوننەکان ئامادەییان تێدابێت بۆ ئەوەی هاوکاریان لەگەڵ بکەن، کوردەکان دەتوانن لەم پرۆسەیەدا دەستکەوتی گەورە بەدەست بهێنن، لە هەمان کاتدا ئەوان ترسی ئەوەشـــیان هەیە دەستکەوتی گەورە لە دەستیان بدەن. هەر لەم رووەوە باوەڕم وایە کوردەکان دەتوانـــن کارێکی گەورە ئەنجام بدەن، ئەگـــەر لایەنەکانی دیکە هاوکاریان لەگەڵدا بکەن)).



**نابێت کوردەکان هیواکانی خۆیان لەسەر ئەوە هەڵچنن کە لەنێو گرووپەکانی دیکەی عێراقدا ئەمریکا مامەڵەیەکی باشتریان لەگەڵدا دەکات**

## داهاتووی عێراق و پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت

لە دووماهـــی ئەم راپۆرتە پرســـیارێکی هاوبەشمان ئاراستەی ئەو چوار بەڕێزە کرد کە لەم راپۆرتە هاوکاریان کردووین و لێمان پرســـین ئایا داهاتووی پرۆسەی سیاسی عێراق چۆن دەبینن و تاچەند بە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتـــی داهاتووی عێراق گەشـــبینن، ئەوان بەمجۆرە سەبارەت بەم پرسە رای خۆیان بۆ ئەم راپۆرتە دەربڕی:

• باڵیـــۆز ئیداوارد گونەیم: لە نیگەرانی ئێوە تێدەگەم، هەروەها ئەم نیگەرانییە لای زۆرێك لە سیاســـییەکانی ئەمریکاشـــدا هەســـتی پێدەکرێ کە بایەخ بـــەوە دەدەن پێوەندییەکانی داهاتووی عێراق و ئەمریکا چۆن بێـــت. بـــاوەڕم وایە لەبـــەر ئەوەی حاڵـــی حازر لە عێراقـــدا حکومەتی نوێ پێکنەهێنـــراوە، ئـــەوا ئەمریـــکا ناتوانێت لەگەڵ بەرپرســـانی عێراقدا لە بارەی ئەم پرسەوە گفتوگۆ بکات. ئەوەی پێوەندی بە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکاوە هەبێت، ئەوا لە راســـتیدا ئەمە هۆکارێکی باڵادەست نییە لەم رووەوە، بەڵکو کێشـــە و پرسی دیکەش هـــەن، وەك دۆخی ئابـــووری ناوخۆیی، شەڕی ئەفغانســـتان و نەوتی کەنداو تاد. هەروەها ئیدارەی ئەمریکا و سەرۆك ئۆباما پێداگیری دەکەن لەســـەر کشـــاندنەوەی هێـــزەکان بەو شـــێوەیەی کـــە بەڵێنی بە خەڵکی ئەمریکا داوە، بەڵام هیچ کەسێك لە ئەمریکا داوای ئەوە ناکات دەســـت لە عێـــراق هەڵبگرین، بەڵکـــو باوەڕیان وایە ئەمریکا ئیلتیـــزام و بەرژەوەندی زیندووی هەیە لە عێراقـــدا، کەواتە ئێمە دەمانەوێت لە عێراقدا بمێنینەوە وەك شەریکێك بۆ ئەو وڵاتە، جا ئەو بوونە لە کوردستاندا بێت یان لە باشووری وڵاتەکە.



## دەڤید والاندەر بۆ گوڵان:

# هەر حکومەتێک لە بەغدا پێکبهێنرێت دەسەڵاتی بەسەر هەرێمی کوردستاندا سنووردار دەبێت



• ولیام کوانت: نابێت کوردەکان هیواکانی خۆیان لەسەر ئەوە هەڵچنن کە لەنێو گرووپەکانی دیکەی عێراقدا ئەمریکا مامەڵەیەکی باشتریان لەگەڵدا دەکات، لێرەدا مەبەستم ئەوەیە ئەگەر کوردەکان پێیانوایە پێوەندی تایبەتی ئەوان زەمانەتێکە بۆ ئەوەی هەموو کاتێك کاریگەری ئەمریکا بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانیان بەکاربهێنن، ئەوا حساباتێکی هەڵە دەکەن، بەڵکو دەبێت لەسەر ئەساسی پێوەندییەکانیان لەگەڵ گرووپەکانی دیکەی عێراقدا بڕیار لە داهاتووی خۆیان بدەن. پێموایە یەکێتی عێراق پارێزراو دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئێوە رووبەڕووی تەحەددی راستەقینە بوونەتەوە، ئێوە رووبەڕووی کێشە سیاسییە کەڵەکەبووەکان و ئاسەوارەکانی پەنابردنە بەر توندوتیژی بوونەتەوە، کە چارەسەرکردنی ئەم کێشانەش پێویستی بە سازشی سیاسی و بەبوونی سەرکردەگەلێکی بەهێزە، چونکە لە کۆتاییدا هەر دەبێت خۆتان بەرپرسیارێتی چارەسەرکردنی کێشەکانتان بگرنەئەستۆ و ناتوانن لەم رووەوە ئۆباڵی کێشەکانتان بخەنە ئەستۆی هێزە دەرەکیەکان.

• رانسۆم کلارك: ئەوەی پێوەندی بە گەشبینی منەوە هەبێت بە داهاتووی ئەو وڵاتە، ئەوا سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێم کە لە ساڵی ٢٠٠٣دا باوەڕم وانەبوو هێرشکردنە سەر عێراق خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەکات، ئەگەرچی رەنگە لابردنی دیکتاتۆرێك لە بەرژەوەندی عێراقییەکاندا بووبێت، بۆ نموونە کوردەکان سوودێکی زۆریان لەم رووەوە وەرگرت، بەهەرحاڵ زۆر گەشبین نیم بە پێکهێنانی حکومەتێکی نیشتمانی، بە تایبەتی تا ئەو کاتەی هەموو لایەنە عێراقییەکان نەگەنە ئەو قەناعەتەی کە ئەمە لە بەرژەوەندی ئەوان و تێکڕای خەڵکی وڵاتەکەیاندایە. هەروەها ئەوەی پێوەندی بە کوردەکانەوە هەبێت، ئەوا ئەگەر من لە جێی سەرکردە کوردەکان بومایە، زۆر نیگەران دەبووم لە داهاتووی هەرێمەکە و خەڵکی هەرێمەکە، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە هێنانەئارای حکومەتێکی بەهێزەوە لە بەغدا، ئەمە شیکردنەوەیەکی گشتیە، بەڵام پێموایە زۆر وردیشە.

• دەیڤید والاندەر: لەو باوەڕدانیم حکومەتی مەرکەزی لە عێراقدا بتوانێت مومارەسەی دەستڕۆیشتوویەکی زۆر بکات لە هەرێمی کوردستاندا، هەروەها تا ئەو کاتەی کوردستان لەسەر گرتنەبەری رێگەی دیموکراسی و بازاڕی ئازاد بەردەوام بێت، ئەوا هیچ هەڕەشەیەکی لەسەرنابێت، رەنگە تاقە کێشەیەك لەم رووەوە بریتی بێت لە ئەگەری سەرهەڵدانی ناکۆکییەك کە تێیدا پەنا بۆ توندوتیژی ببردرێت لەنێوان حکومەتی مەرکەزی و هەرێمی کوردستاندا کە ئەو ناکۆکییەش لە ململانێ لەسەر ناوچەی کێشە لەسەرەکان و چۆنیەتی دابەشکردنی داهاتی نەوتەوە سەرچاوە بگرێت کە ئومێدەوارم ئەمە روونەدات.

**تا ئەو کاتەی کوردستان لەسەر گرتنەبەری رێگەی دیموکراسی و بازاڕی ئازاد بەردەوام بێت، ئەوا هیچ هەڕەشەیەکی لەسەرنابێت**

د.لوئەی بەلداوی رۆژنامەنووس و ئەکادیمی بۆ گوڵان:

# جۆزیف بایدن جەختی لەسەر ئەوەکردەوە نابێت کاندیدی سەرۆک وەزیران سەر بە ئیئتیلافی نیشتمانی بێت



د.لوئەی بەلداوی مامۆستای زانکۆ و راگەیاندکاری عێراقی، پێشتر سەرنووسەری رۆژنامەی (المؤتمر) بووە کە زمانحاڵی کۆنگرەی نیشتمانی عێراق بووە بەسەرۆکایەتی ئەحمەد چەلەبی، ئێستاش خۆی بۆ کاری سیاسیی لەناو کۆنگرەی نیشتمانی عێراقدا تەرخانکردووە و کۆنگرەی نیشتمانی عێراقیش بەشێکە لە ئیئتیلافی نیشتمانی، د.لوئەی وێڕای ئەوەی لەم دیمانە تایبەتەی گوڵاندا ئاماژە بەوە دەکات کە جۆزیف بایدن داوای ئەوەی کردووە نابێت کاندیدی پۆستی سەرۆک وەزیران سەر بە ئیئتیلافی نیشتمانی عێراق بێت، بەڵام لەهەمانکاتدا ئیئتیلافی نیشتمانی بەسەرۆکایەتی عەممار حەکیم نامەیەکیان ئاراستەی لیستی دەوڵەتی یاسا کردووە کە نابێت مالیکی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران کاندید بکرێتەوە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسانە ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ د.لوئەی بەلداوی ئەنجامدا کە ئەمە دەقەکەیەتی.





*** چوار مانگ بەسەر هەڵبژاردنەکاندا تێپەڕیوە و تا ئێستاش لایەنە عێراقییەکان نەیانتوانیوە بگەنە ڕێککەوتنێك لەسەر چۆنیەتی پێکهێنانی حکومەتی نوێ، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی عێراقییەکان ناتوانن بگەنە چارەسەرێك بۆ کێشەکانیان؟**

- وەکو رایەکی کەسی، پرۆسەی سیاسی لە عێراق هێشتا لە قۆناغی پێگەیشتندایە. قۆناغی پێگەیشتنیش پێویستیی بە هەوڵ و کارکردنە، هەروەها پێگەیشتنی پرۆسەی سیاسی لە داهاتوودا دەبێت بەمایەی قبووڵکردنی دیموکراسییەت، کە ئەویش لەخۆیدا سەرچاوەی بەرهەمهێنانی پرۆسەکانی هەڵبژاردنە و هەڵبژاردنەکان براوەکان بەرهەم دەهێنێت، لەئاکامیشدا لایەنی براوە حکومەت پێکدەهێنێت. ئەمە مانای ئەوەیە کە پرۆسەی سیاسی لە عێراق هێشتا لە قۆناغەکانی پێگەیشتندایە، هەروەها لە سەرەتاکانی قۆناغەکانی پێگەیشتندایە، هەربۆیە دەبینین تاکو ئەمڕۆ عێراقییەکان نەیانتوانیوە بگەنە ڕێککەوتن و حکومەت پێکبهێنن، هەروەها هەموو لایەنە براوەکان نەیانتوانیوە لایەنی بەرامبەر قبوڵ بکەن لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت. ئەگەر بێت و لە ئەزموونی زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بڕوانین، دەبینین هەر پارتێکی براوە، تەنانەت گەر بە زۆرینەیەکی کەمەوە دەنگی وەدەست هێنابێت، ئەوە هەڵدەستێت بە پێکهێنانی حکومەت، هەروەها دەکرێ پەنابەرێتە بەر پارتە سیاسییە براوەکانی دیکە. هاوکات ئەگەر بێت و زۆربەی زۆرینەی دەنگەکان لەناو پەرلەمان بەدەست بێنێت، ئەوە بە تەنیا دەتوانێت حکومەت پێکبهێنێت.

ئەگەر بێت و لە ئەزموونی زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بڕوانین، دەبینین هەر پارتێکی براوە، تەنانەت گەر بە زۆرینەیەکی کەمەوە دەنگی وەدەست هێنابێت، ئەوە هەڵدەستێت بە پێکهێنانی حکومەت

*** وەك هەفتەی ڕابردوو بینیمان، ئەمریکا لەسەر ئاستێکی بەرز هەوڵی نزیکبوونەوە لە پرۆسەکە دەدات لە عێراقدا، بۆ نموونە جێگری سەرۆکی ئەمریکا بە شەخسی هاتە ناو مەسەلەکەوە، هەروەها باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق و سیناتۆر جۆن مەککینیش هەوڵیان هەبووە لەم ڕووەوە، کە ئامانجی سەرەکیان ئەوەیە هەموو ئامرازێك بەکاربهێنن بۆ ئەوەی عێراقییەکان بگەنە ڕێککەوتن، ئایا تا چ ڕادەیەك هەوڵەکەی بەڕێز بایدن سەرکەوتوو دەبێت لەم ڕووەوە؟**

- هەوەکو هەموومان دەزانین ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گەورەترین هەڵسوڕێنەرە لە سیاسەتی نێودەوڵەتی، ئەوە لە بواری سیاسەتی نێودەوڵەتی ئیتر دەبێت لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراق چۆن بێت؟ هەڵبەتە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەتایبەتی لەدوای ٢٠٠٣ و ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری پێشوو بوو بە گەورەترین هەڵسوڕێنەر و ئەندازیار لە پرۆسەی سیاسیی عێراق و لەهەموو بوارەکانی دیکەدا بەشێوەیەك کە عێراقییەکان جگە لە پەراوێزێکی سنووردااردا هیچ دەسەڵات و بڕیارێکیان لەدەستدا نەبووە. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوەندە ڕێگەی نەبڕیوە تەنیا لەپێناوی گۆڕینی ڕژێمی دیکتاتۆر و لەپێناوی بەرژەوەندیی هاووڵاتییە عێراقییەکان، بەڵکو لەپێناوی چەند بەرژەوەندییەکی تایبەت بەخۆی بۆ عێراق هاتووە، ئەویش لەلایەنی خۆیەوە دەیەوێت بەرژەوەندییەکانی وەدەست بێنێت، بەتایبەتی پاش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان و پاش ئەو ناکۆکی و نەیارەی کە لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا بوونی هەیە لەناو پرۆسە سیاسییەکەی عێراق. هەربۆیە دەبینین ئەمڕۆ ئەمریکا هەوڵ بۆ وەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانی دەدات بە بیانوی پێکهێنانی عێراقییەکان و گەیاندنیان بە ڕێککەوتن و هاوکات هەڵسوڕێنەرە سیاسییەکانی وڵاتانی دراوسێ لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراق



دووردەخاتەوە و ڕێگەیان پێ نادات دەستێوەردان لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بکەن.

*** ئایا بە رای تۆ وەك رۆژنامەنووسێکی عێراقی پێتوانییە ئەم سەردانەی بایدن بۆ عێراق بۆ کاراکردنی پێکهێنانی حکومەت و گۆڕینی هاوکێشەکەیە بۆ بەرژەوەندی خۆی؟ یان بە واتایەکی دیکە بایدن وەك ئەندازیارێك نەخشەی بۆ پێکهێنانی حکومەت دابڕێژێت؟**

- هەروەکو پێشتریش ئاماژەم پێکرد، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هەوڵدانە بۆ وەدەستهێنانی بەرژەوەندییە کەسییەکانی. لەبەرئەوەی عێراق خاوەن شوێنێکی سیاسی و جوگرافییە لە ناوچەکە و سنوورەکانی لەگەڵ هەندێ لە وڵاتەکان بەتایبەتی کە دراوسێی ئێران-ە، ئێران کە دراوسێیەکی ئێمەیە و بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دوژمنە و هەمیشە لەدژایەتیکردنی ئێران-ە بەبیانوی خاوەندارێتیی بۆ چەکی ئەتۆمی و مەترسییەکانی لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل لە ناوچەکە. ئەو حکومەتەی کە ئەمریکا هەوڵ بۆ پێکهێنانی دەدات، پێیوایە کە ئەو حکومەتە دەتوانێت بەرژەوەندییەکانی وەدی بێنێت و دوور لە دەستێوەردانەکانی ئێران. ئەمڕۆش لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا هەموو ئاراستەکانی ئەمریکا بریتییە لە نزیککردنەوەی هەردوو لیستەکانی «دەوڵەتی یاسا» و «عێراقییە» و دوور لە لیستی «ئیئتیلافی نیشتمانی یەکگرتوو». لەبەرئەوەی بەپێی تێڕوانینی ئەمریکا، هاوپەیمانی «ئیئتیلافی نیشتمانی یەکگرتوو» خاوەن پێوەندییەکی زۆر و پتەوە لەگەڵ ئێران و ئەوەش لەخۆیدا مایەی هەڕەشەیە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەتایبەتی ئەگەر هات و کاندیدی ئەو هاوپەیمانێتییە هەڵبژێردرا بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران. هەروەها بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لەمیانی چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ لایەن و کەسایەتییە سیاسییەکانی عێراق، «بایدن» جەختی کردۆتەوە لەسەر پێویستیی ئەوەی کە سەرۆك وەزیرانی داهاتوو لە هاوپەیمانی «ئیئتیلافی نیشتمانی» نەبێت، هەربۆیە دەبینین گوشار خرایە سەر هەردوو لە «عەلاوی» و «مالیکی» بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکەیان. هاوکات بێگومان حکومەتی داهاتووی عێراق حکومەتێکی کارا نابێت و لەتوانایدا نابێت کێشەکانی عێراق چارەسەربکات، لەبەرئەوەی ئەو حکومەتە حکومەتێکی موحاسەسەی «محاصصە» تایفەگەری و نەتەوەیی دەبێت و ئێمەیش وەکو راگەیاندنکار و سیاسەتوانەکانی عێراق ئەو شتەمان ناوێ.

*** کەواتە لە بۆچوونەکانی تۆ ئەوە دەخوێنرێتەوە کە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بەعێراق لە ئیدارەی ئۆبامادا ئاراستەیەکی دیکە وەردەگرێت، بۆیە دەپرسم هۆکاری ئەم ئاراستە گۆڕینە چۆن دەخوێنیتەوە؟**

- هەروەکو هەموومان دەزانین کە ئاراستەکانی سیاسەتی «ئۆباما» بریتییە لە بونیادنانەوەی باری سیاسیی ناوخۆیی ئەمریکا. هەربۆیە دەبینین ئەمڕۆ گۆڕانکارییەکی زۆر لە ئاراستەکان و سیاسەتەکانی ئەمریکادا روویانداوە لەسەر هەندێ خاڵ و لایەن کە پێش سەردەمی «ئۆباما» گرنگییەکی زیاتریان پێ دەبەخشرا، کە ئەویش پەیوەستە بە ئەفغانستان و عێراق و وڵاتانی دیکە. تەنانەت سەبارەت بە ئێران-یش، زۆربەی ئاراستەکان و بیروبۆچوونەکان پێشنیاری ئەوە دەکەن لەسەر پێویستیی نزیکبوونەوە لە ئێران و ئەنجامدانی دانوستان و دیالۆگ. بەهەرحاڵ، عێراق هەمیشە وەکو کارتێك دەمێنێت و هەردەم بەکاردەهێنرێت لەلایەن

**ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوەندە ڕێگەی نەبڕیوە تەنیا لەپێناوی گۆڕینی ڕژێمی دیکتاتۆر و لەپێناوی بەرژەوەندیی هاووڵاتییە عێراقییەکان، بەڵکو لەپێناوی چەند بەرژەوەندییەکی تایبەت بەخۆی بۆ عێراق هاتووە**



**ئەمڕۆ ئەمریکا هەوڵ بۆ وەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانی دەدات بە بیانوی پێکهێنانی عێراقییەکان و گەیاندنیان بە ڕێککەوتن، ئەو حکومەتەی کە ئەمریکا هەوڵ بۆ پێکهێنانی دەدات، پێیوایە کە ئەو حکومەتە دەتوانێت بەرژەوەندییەکانی وەدی بێنێت و دوور لە دەستێوەردانەکانی ئێران**

ئەمریکا-وە سەبارەت بە بارودۆخە ناوخۆییەکانی، لەوانەیە ئەم کارتە بۆ ئەمریکا کارتێکی سەرکەوتوو بێت، بەڵام هاوکات لەوانەیە بۆ گەلی عێراق شکستی خواردبێت و عێراق بکات بە قوربانی.

*** پێشتر بەڕێزت ئاماژەت بەوەکرد کە جۆزیف بایدن جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە نابێت کاندیدی سەرۆك وەزیران لە لیستی ئیئتیلافی نیشتمانی بێت، ئەمەش واتە ئێستا گۆڕەپانەکە ماوەتەوە بۆ عەلاوی و مالیکی، یەکێك لەو دووانە بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران دیاری دەکرێت، سەبارەت بە لایەنی کوردی هەر لەسەرەتاوە رایگەیاندوە، دوای دەسنیشانکردنی کاندیدی سەرۆك وەزیران ئینجا دەست بە وتوویژی فەرمی دەکات، ئایا بە رای بەڕێزت کورد لەم هاوکێشەیەدا پێگەی وەك خۆی دەمێنێتەوە ؟**

- لەبەر ڕۆشنایی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر گۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا هاتووە، بەتایبەتی دوای چاوپێکەوتنی نێوان هەردوو لیستەکانی «عێراقییە» و «دەوڵەتی یاسا»، واتە چاوپێکەوتنەکەی «عەللاوی» لەگەڵ «مالیکی»، هەروەها لە ئەگەرەکانی راگەیاندنیان بۆ هاوپەیمانێتی لەنێوانیاندا کە نزیکەی ١٨٠ کورسییان دەبێت لەناو پەرلەمان. هەروەها وێڕای راگەیاندنی هەردوو لیستی «دەوڵەتی یاسا» و «عێراقییە» و بەشێوەیەکی بەردەوام سەبارەت بە گرنگیی رۆڵی کوردەکان، بەڵام بەڕای من ئەگەر بێت و ئەو هاوپەیمانێتیە رووبدات، ئەوە دەبێت بەمایەی فەرامۆشکردنی رۆڵی کوردەکان لە پرۆسەی سیاسی.

بەڵام وەکو رایەکی کەسی، ناکرێ هیچ لایەنێکی سیاسی، تەنانەت گەر «عێراقییە» بوو یان «دەوڵەتی یاسا» یان «ئیئتیلافی نیشتمانی عێراقی»، بەڕای من ناکرێ هیچ کام لەو لایەنانە بیر لە پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق بکەنەوە دوور لە بەشداربوونی میحوەری کوردی. میحوەری کوردی میحوەرێکی زۆر گرنگ و یەکلاکەرەوەیە لە سەقامگیریی عێراق و لە بارودۆخەکانی ئەمڕۆ و داهاتووی پرۆسەی سیاسیی عێراق، هەروەها هیچ حکومەتێکی ئەمڕۆ و لە داهاتووشدا سەرکەوتوو نابێت لە فەرامۆشکردنی میحوەری کوردی.

لەبەرئەوەی میحوەری کوردی خاوەن پێکهاتەیەکی گرنگە، هەروەها هەموو بیروبۆچوونەکان لەگەڵ ئەو رایە نین کە کورد فەرامۆش بکرێت. هەربۆیە، هیچ لایەنێك یان پارتێکی سیاسیی عێراق ناتوانێت بە فەرامۆشکردنی و دوورخستنی میحوەری کوردی حکومەتی ئەمڕۆ یان هەر حکومەتێکی عێراقی لە داهاتوودا پێکبهێنێت.

لەبەرئەوەی بنەماکانی پرۆسەی سیاسی لە عێراق لەسەر بنەماکانی

رۆڵێکی سەرەکی و گرنگی کورد لە پرۆسەکە درووســـتبووە. بەو شێوەیە، هیـــچ حکومەتێکی ئەمـــڕۆ و هەر حکومەتێك لـــە داهاتوو ناتوانێت وەکو حکومەتێکی نیشتمانی بنکە فراوانی عێراقی بەبێ بەشداربوونی کوردەکان سەرکەوتوو بێت.

*** بەڵام کـــورد چاوەڕێی ئەوە دەکەن حکومەتی داهاتووی عێراق هەڵبستێت بـــە جێبەجێکردنـــی دەســـتوور، کە ئەمەش دەبێتەهۆی چارەســـەرکردنی کێشـــەکانی کورد، ئایا تاچ رادەیەك لایەنـــە عێراقییەکان پابەنـــد دەبن بە جێبەجێکردنی دەستووری عێراقەوە؟**

- لەڕاستیدا، لەسەر ئەم خاڵە چەندین جیاوازیـــی لـــە بیروبۆچوونەکانـــی سیاسەتوانە عێراقێکاندا هەیە، سەبارەت بە دەستوور و ماددەکانی و بەتایبەتی ماددەی ١٤٠ و کێشـــەی کەرکووك. چەندین شـــیکردنەوەی جیاواز هەیە بۆ ئەو خاڵە لەلایەن سیاسەتوانەکان و هەروەکو هەموومان دەزانین کە سیاسەت تەحەمولی چەندین شـــیکردنەوەی جیـــاواز دەکات کە ئەویش پەیوەســـتە بە شـــێوازی بیرکردنەوە و سروشـــتی ئایدیۆلۆژیـــای سیاســـەتوانەکان. هەربۆیـــە، بەهیچ شـــێوەیەك ناتوانم بیخەملێنم کـــە پێوەندییەکانی نێوانی حکومەتی ناوەندی لەگەڵ حکومەتی هەرێمـــی کوردســـتان ســـەبارەت بە کێشە هەڵپەســـێردراوەکانی نێوانیان چ ئاکامێکی لێ دەکەوێتەوە، بۆیە پێویستە جارێ چاوەڕوان بین تاکو حکومەتی داهاتـــووی عێـــراق پێکدەهێنرێت و ناسنامەی ئەو حکومەتە نوێیە بزانین، ئەو کات دەزانین چی روودەدات.

*** دوایین پرســـیارمان ئەوەیە ئایا وەك رای کەسی خۆت تۆ چۆن ئەم پرۆسەیە دەبینیـــت، ئایا پێتوایـــە حکومەتی داهاتووی عێراق لە ئاستی ئەوە دەبێت عێراقییەکان پێی گەشبین بن؟**

- لەڕاســـتیدا لـــەڕووی پرۆســـەی دیموکراســـی و دیموکراســـییەتی پرۆســـەی سیاســـی لە عێراق، زۆر گەشـــبینم بـــەو دیموکراســـییەتەی کـــە لەســـاڵی ٢٠٠٣وە بنەماکانـــی دارێژراوە. هەروەها ئەم دیموکراسییەتە تاکو ئەمڕۆش هـــەر لە قۆناغەکانی پێگەشـــتندایە و لەوە گەشبینم کە لە داهاتوودا بەرەو پێشەوە بڕوات و گەشە بەخۆیـــەوە ببینێت، ئەمـــە لەڕووی کاری سیاسیی دیموکراسی بوو. بەڵام لەڕووی سیاســـەتوان و کەســـایەتییە سیاســـییەکانی عێـــراق-دا، بەهیچ شێوەیەك گەشبین نیم و دەبینین تاکو ئەمڕۆش سیاسەتوانەکانی عێراق ئەو کاتە بانگەشە بۆ دیموکراسییەت دەکەن کاتێك کە لەپێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندایە، هەروەها بەهیچ شـــێوەیەك باوەڕیان بە دیموکراســـییەت نامێنێت کاتێك پرۆســـەی دیموکراسی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیـــان یەك ناگرێتەوە و لەگەڵیاندا دژیەك دەبێت.



**عێراق هەمیشە وەکو کارتێک دەمێنێت و هەردەم بەکاردەهێنرێت لەلایەن ئەمریکا- وە سەبارەت بە بارودۆخە ناوخۆییەکانی، لەوانەیە ئەم کارتە بۆ ئەمریکا کارتێکی سەرکەوتوو بێت، بەڵام هاوکات لەوانەیە بۆ گەلی عێراق شکستی خواردبێت و عێراق بکات بە قوربانی**


OCRACY

# لە پرۆسەی بونیادی دیموکراتیدا سوود لە ئەزموونی وڵاتان وەردەگیرێت، بەڵام کۆپی ناکرێتەوە




سەختترین قۆناغی هەر نەتەوەیەك، قۆناغی راگواستن و بونیادی دیموکراتییە، لەو قۆناغەدا هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵ لە وەرچەرخان و هەنگاو هەڵگرتندایە بەرەو بونیادی سیستمێك کە هێشتا کەڵچەری ئەو وڵاتە بەتەواوەتی لەگەڵ پیادەکردنی ئەو سیستمە رانەهاتووە یان ئیشکالیەتێك هەیە بۆ تێگەیشتن و چۆنیەتی سەرکەوتن بەسەر کۆسپەکانی ئەو قۆناغەدا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەماوەی کەمتر لە ٢٠ رۆژدا توانی گەورەترین رژێمی دیکتاتۆری لە جیهاندا برووخێنێت کە ئەویش رژێمی سەددام حوسێن بوو، بەڵام ئەوا بۆ ٨ساڵ دەچێت ئەمریکا نەك نەیتوانیوە هەنگاوێك عێراق بەرەو دیموکراسی بەرێتە پێشەوە، بەڵکو ئێستا دوای زیاتر لەچەندین هەڵبژاردن و زیاتر لە ٧ ساڵی کاری پەرلەمانی، جارێکی دیکە پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا هاتۆتەوە چوارگۆشەی یەکەم و تەنانەت عێراقییەکان لەسەر دیاریکردنی کاندیدی سەرۆك وەزیران کەوتوونەتە تەنگژەیەکی سیاسیی و زۆر زەحمەتەوە کە بەبێ هاریکاری هێزی دەرەکی بتوانن بگەنە رێککەوتن و ئەو کێشەیە یەکلایی بکەنەوە، سەبارەت بە بونیادی ئەم پرۆسەیە و تێپەڕادنی قۆناغی راگواستن، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی هەردوو پرۆفیسۆر سکۆت مەین وارینگ و نانسی بریمۆ کردووە، کە یەکەمیان لە روانگەی ئەمریکای لاتین و دووەمیان لە روانگەی دەوڵەتانی ئەورپای رۆژهەڵات، بابەتەکەیان شرۆڤە کردووە کە ئەمە دەقی بۆ چوونەکانیانە.

## نانسی بێرمیۆ:



# باجی شێواندن و گەمەکردن بە دامەزراوە دیموکراسییەکان زۆر گەورەیە

**خاتوو نانسی بێرمیۆ ئوستادی زانستی سیاسەت و سیاسەتی بەراوردکاریە لەزانکۆی ئۆکسفۆرد و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر پرۆسەی دیموکراتیزەکردن لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، بۆ قسەکردن سەبارەت بە لاساییکردنەوەی ئەزموونی دیموکراتی وڵاتانی پێشکەتوو و کۆپیکردنەوەی لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، گۆڕینی ڕەفتاری سیاسیی تاك لە کۆمەڵگە، پرۆفیسۆر نانسی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** ئێوە پسپۆرن لە پرۆسەی بونیادی دیموکراتی لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، ئایا تاچەند سوود لە ئەزموونە جیهانیە سەرکەتووەکان وەردەگیرێت؟**

- دیموکراسییەت پێویستە هەمیشە بونیاد بنرێت لەسەر بنەمایەکی پتەو و بەهێز و لەناو کولتوور و دامەزراوەی لۆکاڵ. هیچ سیستەمێکی دیموکراسی لە عەدەمەوە درووستنەبووە. لەوانەیە هێنانی دامەزراوەی دەرەکی زیان بە پرۆسەکانی دیموکراتیزەکردن بگەیەنێت، بەتایبەتی ئەگەر هات و ئەو دامەزراوانە لەگەڵ بارودۆخ و کەشوهەوای ناوخۆییدا نەگونجان. یەکەمین شت کە پێویستە لەسەر دیموکراسیخوازەکان ئەنجامی بدەن، ئەوەیە کە بیربکەنەوە لەسەر چۆنیەتی بەشداری پێکردنی دامەزراوەکان کە پێشوەختە بوونیان هەیە و لەگەڵ دەستەبژێرەکانی کۆمەڵگە لە پرۆسەکانی بەدیموکراتیزەکردن. هاوکاری و هەماهەنگی هەمیشە نرخەکەی هەرزانترە لە وێران و دارمان و دوورخستنەوە. پێویستە پرۆسەی بەدیموکراتیزەکردن پڕۆژەی خەڵکانێك بێت کە خاوەن مەعریفە و هۆشیاریی ناوخۆیین، ئەو خەڵکانەی کە لە داهاتوودا دەبن بە بەشێك لە ڕژێمی نوێ. پێویستە هاووڵاتییەکان خۆیان بگونجێنن و خۆیان ئاشنا بکەن لەگەڵ ئەو هەڵبژاردنانەی کە لەلایەن سەرکردەکانی وڵاتانی دیکەوە پەیڕەوکراون. پێویستە خەڵك هۆشیاریی هەبێ و تێبگات و توانای جیاوازیکردنی هەبێ لەنێوانی ئەزموونە باش و ئەزموونە خراپەکان، پاشان پێویستە ئەو ئەزموونە هەڵبژێرن کە لەو بڕوایەدان باشترین هەڵبژاردنە و لەگەڵ بارودۆخەکانی ناوخۆیی کۆمەڵگەکەیاندا دەگونجێ. لەوانەیە لێرەدا بتوانرێ هەندێ سوود لە زانا و مێژووناس و سیاسییەکان وەربگیرێ، لەبەرئەوەی ئاگا و زانیارییان هەیە لەبارەی کە چ هەوڵێك ئەنجامدراوە و کامیان سەرکەوتوو بووە و کامیان شکستی بەدەستهێناوە لە بارودۆخ و ژینگە جیاوازەکاندا. بەڵام لەمبارەیەوە کەس وەکو هاووڵاتیی لۆکاڵی خاوەن مەعریفە و هۆشیاریی ناوخۆیی تێناگات لەبارەی هەڵبژاردنی گونجاوترین و باشترین نموونە بۆ کۆمەڵگەکەیان.

*** لایەنێکی دیکە کە رۆڵێکی گرنگ لەپرۆسەی بونیادی دیموکراتی کۆمەڵگە تازە پێگەیشتووەکاندا دەگێڕێت بوونی سیستمێکی پارتایەتی بەهێزە، ئایا لەدەسپێکی ئەم پرۆسەیە چۆن ئەو سیستمە بەهێزە بونیاد دەنرێت؟**

دیموکراسییەت پێویستە هەمیشە بونیاد بنرێت لەناو کولتوور و دامەزراوەی لۆکاڵ

پێویستە پرۆسەی بەدیموکراتیزەکردن پڕۆژەی خەڵکانێک بێت کە خاوەن مەعریفە و هۆشیاریی ناوخۆیین

- بونیادنانی سیستەمێکی فرەحزبیی بەهێز پێویستی بە کاتێکی زۆر و ماوەیەکی درێژخایەن هەیە. لە زۆربەی حاڵەتە سەرکەوتووەکاندا ئەم پرۆسەیە کەمترین شت نەوەیەکی خایاندووە.لە سیستەمێکی دیموکراسیی نموونەییدا، پارتە سیاسییە جۆراوجۆرەکان رۆڵێکی نوێنەرانە دەگێڕن و خزمەت دەکەن وەکو دەمەزراوەیەك لە بواری بەکۆمەڵایەتیکردنی سیاسەتی دیموکراسی. لە جیهانی راستەقینەدا ئەو رۆڵانە ئەنجامدراوە، کەمترین شت بەشێوەیەکی کاتی، لەلایەن رێکخراوی جۆراوجۆری دیکەوە. رێکخراوە ئایینییەکان و رێکخراوە مەدەنییەکانی دیکە دەتوانن ببن بە ئەڵتەرناتیڤێك و جێگەی پارتە سیاسییە بەهێزەکان بگرنەوە لە داهاتوودا. پێویستە ئەو راستییەش لەیاد نەکەین کە پارتی کرێکارانی بەریتانی بەهۆی رەفتارەکانی یەکێتی بازرگانی درووستبوو، پارتە دیموکراسییە کرستییانەکان بەهۆی گرووپەکانی کڵێسەکاندا دروستبوون و گەشەیان سەند، هەروەها پارتە نەتەوەییەکانی ئسپانیا و میرنشینی یەکگرتوو بەهۆی توندوتیژیی هەرێمیدا دروستبوون. پارتی سیاسیی بەهێز لەو جۆرە شوێنانەدا ئەگەری دەرکەوتنی هەیە. (ANK) و (SWAPO) دوو لە پارتە هەرە بەهێزەکانن لە ئەفریقیای باشووری کە لە بزووتنەوەکانی گەریللا گەشەیان سەند و دروستبوون. ئەم ئەنجامە پۆزەتیڤانە کاتێك دەردەکەون کە دەستەبژێرە سیاسییەکان هەڵدەستن بە بەڕێوەبردنی رێکخراوەکان، یان کاتێك خۆیان بەشێوەیەکی تەواو و بەهەموو شێوازەکان خۆیان تەرخان دەکەن و پابەند دەبن بە پرۆژەی دیموکراسی. لەڕاستیدا، ئەم شتە روویداوە و بۆ دەیان ساڵ و لەگەڵ هەموو جۆرە جیاوازەکانی رێکخراوەکان و لە سەرجەم پارچەکانی جیهاندا، هەر بۆیە ئەمە مایەی گەشبینییە.

*** ئایا بەڕای تۆ، لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو کە هێشتاکەڵچەری دیموکراسی تێیدادروست نەبووە، تا چەند پرۆسەی دیموکراسی سەرکەوتوو دەبێ؟**

- ئەم پرسیارە پرسیارێکی زۆر زەحمەتە و ئەو پرسیارەیە کە بۆ چەندین نەوە شکستی بە سەرکردە دیموکراسییەکاندا هێنا. بەڵام لایەنە پۆزەتیڤەکە ئەوەیە کە کولتووری سیاسی بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕێ. خەڵکی دەتوانن بە قۆناغی فێربوونی سیاسیدا تێپەڕن، نەوەی نوێ بە بیرۆکە و بەهای نوێ مایەی گۆڕینی نەوەی کۆنەپەرستە. ئەم شتە روویدا، لە هەردووك لە وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵات و رۆژئاوا. بەڵام پرسیارە گرنگەکە ئەمەیە: چۆن دەتوانێ سستەمێکی دیموکراسی بپارێزرێت بۆ ماوەیەکی باش تاکو گۆڕانکارییەکان رووبدەن؟ ئا لێرەدا دووبارەی دەکەمەوە، وەڵامی ئەم پرسیارە لە نێو دەستەبژێرەکان دەدۆزرێتەوە کە لە لوتکەی سیستەمی سیاسیدان. تەنانەت گەر ئەو دەستەبژێرانە سەرکردایەتیی پارتیگەلێکی سیاسی بکەن کە لەرووی ناوخۆییەوە دیموکراسیش نەبن، بەڵام هەمیشە کاردەکەن بۆ پاراستنی دامەزراوە دیموکراسییەکان. گرنگترین شت ئەوەیە قەناعەتیان پێ بهێنرێت ئەوەیە باجی شێواندن و گەمەکردن بە دامەزراوە دیموکراسییەکان زۆر گەورەیە.




لە سیستەمێکی دیموکراسیی نموونەییدا، پارتە سیاسییە جۆراوجۆرەکان رۆڵێکی نوێنەرانە دەگێڕن و خزمەت دەکەن وەکو دەمەزراوەیەک لە بواری بەکۆمەڵایەتیکردنی سیاسەتی دیموکراسی

کولتووری سیاسی بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕێ. خەڵکی دەتوانن بە قۆناغی فێربوونی سیاسیدا تێپەڕن

## سکۆت مەین وارینگ بۆ گوڵان:



# گرنگە لە ئەزموونی وڵاتان سوود وەربگرین بەڵام مەترسیدارە هەوڵبدەین کۆپیان بکەینەوە

**پرۆفیسۆر سکۆت مەین وارینگ ئوستادی زانستی سیاسەت و پێوەندیە نێو دەوڵەتییەکانە لە زانکۆی ستانفۆرد و تایبەتمەندە لەسەر پرۆسەی دیموکراتیزەکردن و دامەزاروە دیموکراتییەکان و پارتە سیاسییەکانی ئەمریکای لاتینی، سەبارەت بە پرۆسەی بونیادی دیموکراتی و سوود وەرگرتن لە ئەزموونە جیهانییەکان و رەچاوکردنی بار و تایبەتمەندی وڵات، پرۆفیسۆر مەین وارینگ بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** بەڕای تۆ، ئایا تا چەند رەچاونەکردنی بارودۆخی ناوخۆیی وڵات و لاساییکردنەوەی ئەزموونەکانی وڵاتانی جیهان هەڕەشە لەسەر دیموکراسییەت دروست دەکات؟**

- ئەم مەسەلەیە دوولایەنەیە، دەکرێ لە ئەزموونی وڵاتانی دیکەدا فێربین، لە لایەنێکی دیکەوە، پرسیارەکەتان دروستە، پێویستە هەموو وڵاتێك بارودۆخە ناوخۆییەکانی رەچاوبکات، لەبەرئەوەی مەرج نییە نموونەیەکی دیاریکراو بۆ شوێنێکی دیکە بگونجێ. ئەمڕۆ زیاتر تێدەگەین لە هاوسەنگییەکانی دیموکراسییەت لە وڵاتە فرەنەتەوەییەکاندا، لەوەی کە ٥٠ ساڵ بەر لە ئێستا تێی دەگەیشتین. لەلایەنێکی دیکەوە، لە هەر وڵاتێکی فرەنەتەوەییدا خاوەن خەسڵەت و تایبەتمەندیی تایبەتە، بۆ نموونە: ئەو سیستەمەی کە لە وڵاتی «بەلجیکا» پەیڕەو دەکرێ، هەمان سیستەم نییە کە لە عێراقدا هەیە.

*** بەڕای تۆ، چ نەخشەیەکی کارپێکراو هەیە بۆ سوودوەرگرتن لە ئەزموونەکانی وڵاتێکی پێشکەوتوو؟**

- فێربوون لە ئەزموونەکان زیاتر لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا ئەنجام دەدرێ کە هاوشێوەن. بۆ نموونە، ئەگەر لێم بپرسی وەکو پسپۆڕێك لەسەر وڵاتانی ئەمریکای لاتینی کە ئایا چ وڵاتێك باشە بکرێ بە نموونە بۆئەوەی، بۆ نموونە، وڵاتی «بۆلیڤیا» بتوانێ سوود لە ئەزموونەکانیان وەربگرێ، لەکاتێکدا کە «بۆلیڤیا» وڵاتێکی هەژار و دواکەوتووە، ئەوکات دەتوانم پێت بڵێم کە باشترین نموونە بۆ «بۆلیڤیا» کە هاوشێوەیانە و دەتوانێ سوودیان لێ وەرگرێ بریتییە لە «ئۆرۆگوای» و «شیلی» و هەروەها تا رادەیەك وڵاتی «سلڤادۆر» لەم ساڵانەی دواییدا، بەڵام نەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەبەرئەوەی بارودۆخەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەشێوەیەکی بنەڕەتی جیاوازە لەگەڵ بارودۆخەکانی «بۆلیڤیا». هەر بۆیە پێموایە کە باشترین شت بۆ ئێوە ئەوەیە لە هەندێ لە وڵاتان بڕوانن کە لەگەڵتان هاوشێوەن، نەك ئەو وڵاتانەی کە زۆر لەگەڵ بارودۆخەکانتان جیاوازن.

***ئایا مەبەستان هاوشێوەیی لەرووەکانی کولتووری و ئتنیە؟**

- دەتوانم بڵێم بەڵێ لەگەڵ ئاستی پێشکەوتن. ئێمە لەماوەی ٥٠ ساڵدا لە توێژینەوە باش دەزانین بارودۆخەکانی وڵاتەکەمان چۆنە. زۆر گرنگە و لەهەمان کاتیشدا شتێکی زۆر پێویستە کە بزانین چ جۆرە دیموکراسییەتێك بۆ وڵاتەکەمان گونجاو و باشە و چ جۆرێك کاری پێدەکرێت. هەرچەندە لە عێراق نیم و

**پێویستە هەموو وڵاتێک بارودۆخە ناوخۆییەکانی رەچاوبکات، لەبەرئەوەی مەرج نییە نموونەیەکی دیاریکراو بۆ شوێنێکی دیکە بگونجێ**

**باشترین و گونجاوترین ئەزموون بۆ عێراق بریتییە لە «هند» و «ئەندەنۆسیا»، نەک «کەنەدا» یان «ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا**

زۆر ئاگام لە بارودۆخەکان نییە و ئاشنایەتیم لەگەڵ سرووشتی کۆمەڵگەکەتان نییە، بەڵام تێدەگەم مەبەستی پرسیارەکەتان چییە، پێموایە کە گەورەترین پرسیار بریتییە لە چۆنیەتیی کۆکردنەوەی هەموو گروپ و لایەن و نەتەوە و تایفە جیاوازەکانی عێراق لە یەك وڵاتی دیموکراسیدا. هەر بۆیە، لەو رووەوە و لەبارەی روانینی عێراق بۆ ئەزموونی وڵاتانی دیکەدا، وڵاتانی فرەنەتەوە دیموکراتەکان، هەرچەند دڵنیانیم، بەڵام بیرم بۆ وڵاتی «هند» دەڕوا، لەوانەیە وڵاتی «هند» نموونەیەکی باش بێت بۆ عێراق، هەروەها ئەزموونی وڵاتی «ئەندەنۆسیا» لەماوەی ١٥ ساڵی رابردوودا، کە لەوانەیە ئەویش نموونەیەکی بەرچاو و بەسوود بێت بۆ عێراق. بەڵام لەو بڕوایەدا نیم ئەزموونی وڵاتی «کەنەدا» سوودی بۆ عێراق هەبێ، لەبەرئەوەی لە «کەنەدا» تەنیا یەك هەرێم هەیە و لەو هەرێمەدا زمانی فەڕەنسی زاڵە و زمانی فەرمی هەرێمەکەیە، هەروەها «کەنەدا» جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ عێراق هەیە و زۆر لە عێراق دەوڵەمەندترە، هەر بۆیە پێموایە کە باشترین و گونجاوترین ئەزموون بۆ عێراق بریتییە لە «هند» و «ئەندەنۆسیا»، نەك «کەنەدا» یان «ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا».

*** لە دەسپێکی بونیادنانی سیستەمی دیموکراسیدا، دەبینین سیستەمی فرە حزبی سەرهەڵدەدات، بەڵام بە سیستەمێکی حزبی لاواز. ئایا بایەخی سیستەمی حزبی بەهێز لەچیدایە؟ هەروەها تاچەند نەبوونی سیستەمێکی حزبیی بەهێز دەبێتە مایەی شکستهێنانی پرۆسەی سیاسی؟**

- لە لایەنێکەوە، هەبوونی پارتێکی جێگیر و سەقامگیر زۆر گرنگە، بەواتایەکی تر: هەبوونی پارتی جێگیر گرنگە لە بەرپرسیارەتیی دیموکراسییانە، کە مەرجێکە لە مەرجەکانی دیموکراسییەت، کاتێك کە هەڵدەستین بە هەڵبژاردنی پارتێك یان سەرکردەیەك بەو بڕوایەی کە توانایان هەیە لە وەدیهێنانی هەندێ لە ئامانجەکانمان، بەڵام ئەگەر لە وڵاتەکەتاندا پارتی جێگیر بوونی نەبێ، ئەوە هەرگیز ناتوانن ئەو پرۆسەیە جێبەجێ بکەن لە بەرپرسیارەتیی دیموکراسییانە، لەبەرئەوەی لە پرۆسەی دیموکراسیدا، زۆر پێویستە دەنگدەرەکان پارتە سیاسییەکان بناسن و بزانن پرەنسیپەکانیان چین. لەلایەنێکی دیکەوە، ئەمڕۆ لە جیهاندا مەحاڵە پارتێکی خاوەن سیستەمێکی بەهێز بەرهەم بهێنرێ هاوشێوە لەگەڵ پارتە سیاسییەکانی زۆربەی وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات، کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی ٢١میندا بوونیان هەبوو، ئەو پارتە سیاسییانە بانگەشەیان بۆ هەڵبژاردنەکان دەکرد و هەڵمەتەکانیان بەڕێوە دەبرد و خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی و خزمەتگوزارییەکانی تریان دەگەیاند، لەکاتێکدا لە جیهانی ئەمڕۆماندا تەلەفزیۆن ئامرازێکی زۆر گرنگە لە بانگەشەکانی هەڵبژاردن. بەو شێوەیە، هەبوونی پارتێکی خاوەن سیستەمی جێگیر و بەهێز زۆر گرنگە بۆ دەنگدەرەکان و بایەخێکی زۆری لەلایان هەیە. لەلایەنێکی دیکەوە، مەحاڵە پارتە سیاسییەکان کە لە وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات بوونیان هەبوو لە جیهانی ئەمڕۆماندا دووبارە درووستببنەوە، بەتایبەتی لەگەڵ دیموکراسییەتە نوێکانی جیهانی ئەمڕۆ.

*** لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو کە لە دەستپێکی بونیادنانی پرۆسەی دیموکراسین لە قۆناغی گواستنەوەدا دەبن، لە قۆناغی گواستنەوەدا ئاڕاستەیەکی بەهێز هەیە بۆ هەنگاونان بەرەو بونیاتنانی دیموکراسییەت، بەڵام کەڵچەری دیموکراسی بوونی نییە. ئایا بەڕای تۆ، لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو کە کەڵچەری دیموکراسی تێدانییە، تا چەند پرۆسەی دیموکراسی سەرکەوتوو دەبێ؟**

- دیموکراسییەتێکی کارا و ئەکتیڤ کولتوورێکی رەخنەگر و دیموکراسی بونیاد دەنێت. بەڕای من ئێوە لە سەرەتادا پێویستیتان بە کولتووری رەخنەگر و دیموکراسیدا نابێت بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی دیموکراسی، لەبەرئەوەی هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر پرۆسەی دیموکراسیدا دروست دەبێت ئەگەر بێت و کولتووری دیموکراسی بوو بە نادیموکراسی، یان ئەگەر لەو بارە زیاتر تێپەڕی. ئەگەر هات و پرۆسەی دیموکراسی شکستی بەدەست هێنا و نەیتوانی پێویستییەکانی خەڵك جێبەجێ بکات، ئەوکات خەڵکەکە دەبن بە نادیموکراسی و لەوانەیە دژەدیموکراسییان لێ دروست بێت. هەر لەو بارەیەوە دەمەوێ بدوێم لەبارەی پەیڕەوی ناوخۆیی پارتە سیاسییەکان، هیچ پارتێکی سیاسی لە جیهاندا خاوەن سیستەمێکی دیموکراسی نین لە پەیڕەوە ناوخۆییەکانیاندا، لەلایەنێکی دیکەوە، پێموایە کە گرنگترین شت بۆ پارتە سیاسییەکان ئەوەیە کە پۆزەتیڤ بن و وەڵامدانەوەیان بۆ دەنگدەران هەبێ، هەروەها لەکاتی جێبەجێکردنی سیاسییەکاندا جێگیر و بەهێزبن و خۆیان بنوێنن کە خاوەن پرۆگرامی واتادار و جێگیرن و خاوەن پێگەیەکی پتەو و بەهێزن، پێموایە جەختکردنەوەی پارتە سیاسییەکان لەسەر ئەم چەند خاڵە زۆر گرنگترە لە جەختکردنەوە لەسەر دیموکراسییەتی ناوخۆیی لە چوارچێوەی پارتە سیاسییەکە. بەڵام ئەگەر هات و ژمارەیەك سەرکردە دەسەڵات لەسەر پارتی سیاسی بسەپێنن و کۆنترۆڵی بکەن و بەئارەزووی خۆیان بارودۆخەکان هەڵسوڕێنن و شتەکان نادیار و ناشەففاف بن، پێموایە ئەوکاتە هەڕەشەی گەورە لەسەر پرۆسەی دیموکراسی روودەدات و زیان بە پرۆسەکە دەگەیەنێت، لەبەرئەوەی ئەو بارە لە دیموکراسییەت دوور دەکەوێتەوە و دەبێت بە تاکەڕەوی و بەهیچ شێوەیەك دیموکراسی و واتادار نابێت.

*** هەندێ لە پسپۆڕانی ئەمریکای لاتینی پێیانوایە کە پارتە سیاسییەکانی ئەمریکای لاتینی و وڵاتانی دوای کۆمۆنیست سەرکەوتوو نەبوونە لە بونیادنانی پرۆسەکانی دیموکراسییەت و بارەکە بووە بەهۆی سەرهەڵدانی سەرکردە پۆپۆلیستەکان، لەکاتێکدا هەموومان دەزانین کە سەرکردە پۆپۆلیستەکان لەدژی سیستەم و دامەزراوە دیموکراسییەکاندان. ئایا بەڕای تۆ چۆن رێگە لە دیاردەی پۆپۆلیزم دەگیرێ؟**

- لەم بارەیەوە دوو خاڵی زۆر گرنگ هەنە بۆ رێگرتن لە پۆپۆلیزم، یەکەمیان: پێویستە دامەزراوەی بەهێز بوونیان هەبێ بەتایبەتی هەبوونی پارتە سیاسییەکان، لەبەرئەوەی لەگەڵ بوونی پارتی سیاسیی بەهێز، دەرفەتەکانی هەناسەکێشانی پۆپۆلیستەکان کەمتر دەبێتەوە، هەروەها کەشوهەواکەیان بۆ نارەخسێت لە کۆنترۆڵکردنی پرۆسەی سیاسی لە وڵات. خاڵی دووەم بریتییە لە هەبوونی وڵاتێکی کارا، لەبەرئەوەی پۆپۆلیستەکان لەو بارودۆخانەدا گەشە دەستێنن کە وڵاتەکە لاوازە و شێوازی حکومڕانەکە سستە. پۆپۆلیستەکان لەو کاتەدا سەرکەوتن بەدەست دێنن کە هاووڵاتییەکان لە دەسەڵات رازی نین، هاووڵاتییەکانیش لەو کاتەدا ناڕازی دەبن کاتێك کە دەسەڵات پێداویستییەکانیان جێبەجێ ناکات.

*** ئایا تا چەند پۆپۆلیستەکان دەبن بەهۆی دروستبوونی گرفت و گێلەشێواوی لەناو کۆمەڵگە؟**

- پۆپۆلیستەکان لە جۆرە بارودۆخگەلێك دەردەکەون کە پێشوەختە گێلەشێواوە و کەشوهەواکەی پڕە لە گرژی و ئاڵۆزی و ململانێ و لە ئاکامی بارودۆخەکاندا دەبن بە پۆپۆلیست. سەرکردە پۆپۆلیستەکان دەردەکەون بۆ دژایەتیکردنی دەسەڵات و هەڵمەت و هێرش لەدژی حکومەتدا دەکەن. هەروەها راستییەکی تر هەیە کە پۆپۆلیستەکان سەرکەوتوو نین و بەشێوەیەکی کارا و دروست حکومڕانی ناکەن، لەبەرئەوەی سەرچاوەکانی سەرهەڵدانی پۆپۆلیستەکان بۆ سیاسەتێکی توندڕەو دەگەڕێتەوە و ئەوان سیاسەتەکانیان لە سەرووی حکومڕانی دادەنێن و لە هەموو شتێکی تر بە گرنگتری دەزانن.

هەبوونی پارتی جێگیر گرنگە لە بەرپرسیارەتیی دیموکراسییانە، کە مەرجێکە لە مەرجەکانی دیموکراسییەت

دیموکراسییەتێکی کارا و ئەکتیڤ کولتوورێکی رەخنەگر و دیموکراسی بونیاد دەنێت

# زیانە ژینگەییەکانی دوای تۆپبارانکردنی ناوچە سنوورییەکانی هەرێم



عەبدولڕەحمان سدیق *

سوتاندنی لەوەڕگاو دارستان و گژوگیای قەدپاڵ و دەشتەکان ئەو ئاگر تێبەردانەیە، یـان گرتێبەردانەیـە کە بـە زەحمەت کۆنتـڕۆڵ دەکرێت، چونکـە ئاگرەکە، پاش کەوتنەوەی بەهۆی راسـتەوخۆی وەك تێبەردان بێت یـان بۆردومان بێت، پشت دەبەستێت بە سووتەمەنی سروشتی ناوچەکـە وەك گـەڵای دارەکان و، گژوگیاو بەری درەختـەکان و، چینی داپۆشەری قەدی دارەکان.

لەم ئاگر کەوتنەوانەدا سێ گۆشەیەکی کاریگەر هەیە کە پێی دەڵێن سێگۆشەی ئاگـر کەوتنەوە، کە لە سـێ هۆکاری وەك:

ئاگر (گەرمیـی) و، سـووتەمەنی و ئۆکسـجین، پێك دێت هەروەها ئەم ئاگر کەوتنەوانە دوو جۆری سەرەکین.

+ یەکەم: ئاگر کەوتنەوەی ئاسـۆیی، کە سـەر زەوی دادەگرێـت و، ڕووەکە نزمـەکان و گژوگیـا دەسـووتێنێت، بەخێرایی تەشەنە دەکات و گەرمییەکی زۆر دروست دەکات، هەندێك جاریش بۆ درەختە بەرزەکان سەردەکەوێت.

+ دووەم: ئاگرکەوتنـــەوەی ســـتوونی: کە بەهۆی گەڵا و لقـی درەختەکانەوە ئاگرەکە دەگاتە لوتکەی درەختە بەرزەکان و لە ئاستی سـەرەوەدا بۆ درەختەکانی دیکە تەشەنە دەکات.

بەم جۆرەش هەندێك جار ئاگر کەوتنەوەی ئاسـۆیی دەگۆڕێت، بۆ سـتوونی و، زۆرجاریـش سـتوونی دەگۆڕێـت بۆ ئاسۆیی.

هۆیەکانـی ئاگـر کەوتنـەوە لـە دارستانەکان

١- هۆکارەکانـی کەش و هـەوا: وەك بەرزبوونـەوەی پلەی گەرما لە مانگی حوزەیران هەتا مانگی ئەیلوول.

٢- سروشـتی ڕووەکـەکان: کە توانای گڕگرتنی هەیە بە ئاسانی.

٣- هـۆکارە بـە ئەنقەسـتەکان: وەك هەڵەی شـوان و شـوفێر و ڕەزەکان کە ئەنجامـی ئاگرکەوتنەوەی زیانبەخش و مەترسیداری لێدەکەوێتەوە.

٤- جەنـگ و تۆپبارانکـردن: کە لە ئەنجامی تۆپبارانکردنـی ناوچەیەکی گەورە دێتـە ئارا و زیانـی ژینگەیی و ئابـووری و مرۆیـی گـەورەی لێدەکەوێتـەوە، وەك تۆپبارانکردنـی ئەمدواییەی هێزەکانـی ئێران و تورکیا بۆ سەر ناوچە سـنوورییەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراقدا، بە بیانووی ڕاوەدوونانی چەکدارانی پژاك و پەکەکە لەو ناوچانە.

گرنگـی ڕەزودارسـتانەکان لە ڕووی ژینگەییەوە

١- ڕەزو دارستان و ناوچە سەوزەکان، ڕۆڵی گەورەیان هەیە لە پاراستنی هاوسەنگی ئیکۆلۆژیـدا لە نێوان هـەردوو گازی ئۆکسجین و دووەم ئۆکسیدی کاربۆندا، چونکـە ڕۆژانە هەر یەك هێکتار لە دار و درەخت بڕی (٢٠٠) دوو سەد کیلۆگرام لە گازی ئۆکسجین بەرهەم دەهێنین.

٢- کەمکردنەوەی ئاسەوارە نێگەتیڤەکانی ژاوە ژاو.

٣- هەڵمژینی بڕێکـی زۆر لە گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و کەمکردنەوەی پلـەی گەرمـی و دابەزاندنـی بڕی گەرمی بەڕێژەی (٤٠٪) ساڵانە.

٤- پاراسـتنی گڵ و خۆڵی قەدپاڵەکان لـە داڕمان و داچـۆڕان بەهۆی ئاو و ڕەشەباوە.

٥- گێڕانـەوە و بەربەرچدانـەوەی ڕەشەبای خۆڵاویی و، بەرگریی کردن لە بە بیابانبوون.



٦- پاراستنی توندوتۆڵی گڵ و خۆڵ و چینی سەرەوەی زەوی .
٧- بەشداریی کردن لە زیادکردنی بڕی ئاوی کانیاو و ژێر زەوی.
٨- پاشـــماوە ئۆرگانییەکانی وەك وزەی نوێبووەوە تەماشـــا دەکرێـــت کە ژینگە پیسی ناکەن.

زیانەکانی تۆپباران و ســـووتاندنی رەزو دارستانەکان

١- کەمکردنەوەی رووبەری سەوزایی و، تێکدانی هاوسەنگی.
٢- کەمکردنەووەی بڕی بە هەڵم بوونی ئاو و کاریگەریی خراپ لەسەر باران.
٣- دارنینـــی تویژاڵـــی رووەکـــی و، لەبەریەك هەڵوەشـــانەوەی یەکگرتوویی گڵ و خۆڵی قەدپاڵەکان.
٤- دارمانی قەدپاڵەکان و، کۆبوونەوەی خۆڵـــی قەدپاڵەکان لەســـەر رێگە و، لە پشت بەنداوەکانەوە.
٥- کەمکردنەوەی بڕی ئاوی ژێر زەوی، چونکـــە رووەك هـــۆکاری گلدانەوەی ئاوی ســـەر زەوییەو، ناردنییەتی بۆ ژێر زەویی.
٦- کەمکردنەوەی بڕی ئۆکســـجین و، زیادکردنی بڕی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن.
٧- کەمکردنەوەی بەرگریی درەختەکان و، خێـــرا پووەکانەوەیـــان بەهـــۆی ئەو نەخۆشـــییانەی کە بە ئاســـانی زیانیان پێدەگەیەنن.
٨- لە ناوبردنـــی ژمارەیەکی زۆر و لە جۆرەکانی باڵندە و زیندەوەران و رووەکەکان کە ئەمەش زیانی گـــەورە لەجۆرەکانی زیندەوەران دەدات.
٩- پەیدابوونی دووکەڵ کە تێکەڵەیەکە لە گەردیلەی ورد و گازەکانی کاربۆن مۆنۆ ئۆکســـاید و، دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و ئۆکسیدەکانی نایترۆجین و، زیان بە چاو و سییەکانی مرۆڤ دەگەیەنن.

هەنگاوەگانی رێگرتن لە تۆپباران کردن و کردە سەربازییەکان

١-بەگەڕخستنی هەوڵە دیپلۆماسییەکانی عێراق بـــۆ ئاگادارکردنـــەوەی هەردوو دەوڵەتـــی تورکیا و ئێران لەو پرۆتۆکۆڵ و پەیماننامە نێو دەوڵەتییانەی کە رێگە چارەی ســـەربازی تاك لایەنە لەســـەر زەوی وڵاتێکی دیکە، کارێکی نائاسایی و نایاسایییە.
٢- هەوڵدانـــی وەزارەتەکانـــی ژینگە و تەندروستی و کشتوکاڵ بۆ بیرخستنەوەی هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیا سەبارەت بە ئەرکەکانیان بۆ پاراســـتنی ژینگەی ناوخۆ و جیهانی بەپێی ئەو رێکەوتننامە نێودەوڵەتیانـــەی کە خۆیـــان واژوویان کردووە.
٣- بەدەنـــگ هاتنـــی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنـــی چالاك لە بواری ژینگـــە پارێزیـــی و مافەکانی مرۆڤ بۆ ژیانی بەســـەربردن لـــە ژینگەیەکی سەلامەت و خاوێندا.
٤- بەدەنگـــەوە هاتنـــی بەرنامـــەی پاراســـتنی ژینگـــەی(UNEP) لە نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بەو زیانە ژینگەییانەی کە ئەم تۆپبارانانە بە خاك و ئاوی هەرێم و عێراقی دەگەیەنن.
٥- خۆ ئامادەکردنی باشتری دەزگاکانی بەرگری شارستانی لە هەرێمی کوردستان و، هاوردەکردنـــی ئامێر و دەزگای نوێ و تەکنەلۆژیـــای ســـەردەم بۆ کۆنترۆڵ کردنی خێرایی ئـــەم ئاگرکەوتنەوانەی دوای تۆپبارانـــەکان، کەمکردنـــەوەی زیانـــە ژینگەیی و ئابووری و کشـــتو کاڵییەکان.

**وەزیری پێشووی ژینگە لە عێراق**

